دەق

## ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم

# بەفرەکە وەک ڕیشت سپییە

**سوارە نەجمەدین**

کەرکوک — ٢٠١١



**لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ**
**بورهان ئەحمەد**
**حەمە سەعید زەنگنە**
**سەباح ئیسماعیل**
**نەوزاد عەلی شێخانی**

ناوی کتێب: بەفرەکە وەک ڕیشت سپییە
بابەت: دەق
نووسەر: سوارە نەجمەدین
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە (١٢٥)
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم- ٢٠١١
تیراژ: (٥٠٠) دانە
بیرۆکەی بەرگەکە لە کاری ئومێد کەریمی و بەرگی هاری پۆرتەر وەرگیراوە.

**بۆ دایکم**

**بۆ سالم**

دژوارترین شت لە بووندا ئەوەیە

کە شتێك نەبێ چاوەڕوانی بکەی

یاخود یادی بکەیتەوە

یان خەونی پێوە ببینی

محەمەد ماغوت

١

## له پیری دەپرسمەوە

سڵاو

ئەو کاتەت باش، کە ئەم نامەیەت پێدەگات، هیوادارم ساغ و سەلامەت بیت، تەندروستیت باش بێت و بێ کێشە بیت، نازانم لای تۆ ئێستا بە دروستی کەیە؟ و تۆ لە تەمەنی چەند ساڵیدایت؟ ڕەنگە سەرت ماش و برنج بووبێت، شوێنەکەشت نادیارە، دڵنیانیم لەم شارەدایت یان تۆش ئارامت نەماوە و کۆچتکردووە.

ئەزیزم سوارەی پیر

ئەمڕۆ کە ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم هەینییە، من لە پشوودام، نازانم تۆ چیدەکەی، گەر دەستت لە نووسین هەڵنەگرتبێت، دوور نییە بووبیت بە چیرۆکنووسێکی باش، ئەوکات لێکدانەوەکانت لەگەڵ ئێستای مندا دەگونجێت، بەڵام گەر تۆ گەیشتبێتیت بەو باوەڕەی نووسین هیچ لە ژیان ناگۆڕێت، ئەوا



دەگونجێ لەگەڵ کۆمەڵێ هاوتەمەنی خۆتدا چووبێتیت بۆ ڕاوەماسی و بەشی ئەوەش شەرابتان بردبێت، کە شەو بمێننەوە.

گەورەم

ئەمڕۆ هەر لە بەیانییەوە بێزار بووم، نەمدەزانی چی بکەم، تاقەتی خوێندنەوەشم نەبوو، چەند جارێك چوومە بەردەم کتێبخانەکە(کە هیوادارم لە ناوت نەبردبێت) لە کتێبەکان سڵم دەکردەوە، ماوەیەکە وەکو پێشووتر تامەزرۆی خوێندنەوە نیم، نازانم لە بەر نەخۆشییەکەمە یان هۆکاری تر هەیە، بەڵام لە نووسین نەوەستاوم، ڕۆژنامەی سبەینێ هەواڵێکی ڕۆژنامەوانیمی تیادایە، سەبارەت بە فەرمانبەرە خانەنشینکراوەکان،(نازانم تۆ ئێستا خانەنشینکراوی یان نا)، لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵم بە نووسینی چیرۆکی (ئەو کۆڵانەی کە دەرناچێت)، بەڵام واهەست دەکەم وردە وردە زەخیرەی نووسینم پێنامێنێت، هەربۆیە بەنیازم بەرنامەکەم بگۆڕم، هەرچەند سەرئێشەکەشم بمێنێت من نامەوێت بە بێ خوێندنەوە بنووسم.

منی پیری

کات درەنگی کردووە، کەمێکی کە کارەباکە دەکوژێتەوە، ئا ڕەنگە لای ئێوە کارەبا کوژانەوە نەمابێت، بەڵام ئێمە هێشتا چراکانمان نەفەوتاندووە، گەورەم ئەم شەو لەگەڵ هەرشتێکدا ماڵئاوا، یەکەمین نامەمە ناتوانم هەموو شتێك بڵێم، بەڵام چاوەڕوانی

نامەکانی داهاتوومبە زۆر شتت بۆ دەگێڕمەوە، جارێ خوات لەگەڵ.

لەگەڵ ڕێزدا

سوارە

بۆ/

کۆڵانی پیاوە پیرەکە/ ماڵی خۆمان



٢

## نهێنی نووسینی نامەکان و شتی دی

سڵاو

ژیان باش ئەزیزم، دەستەکانت دەگوشم و چاوەکانت ماچ دەکەم، دەخوازم بەختەوەربیت، دوعای ئەوە دەکەم، دەردەپیریەکانت کەم بێت، چاوەکانت کز نەبووبێت و دەست بە پشتتەوە نەگریت، من باشم و خراپ نیم، هەڵبەت ئەمڕۆ گەر خراپ نەبیت، زۆر زۆر باشیت، چونکە مرۆڤی ئاسوودە بە تەواوەتی کەمبووەتەوە، ئێستا شەوێکی درەنگە، دونیا کەمێك ساردە، من لە ژوورەوەم و ئاگاداری دەرەوە نیم، دەروونییەن کەمێك ماندووم، بەڵام کاتیە و تێدەپەڕێت.

ئەم شەو بەرلەوەی هەرشتێکت پێ بڵێم، باس لە هۆکارێك دەکەم، کەدەبوو، لە نامەی یەکەمدا پێم بگوتیتایە، ئەویش

هۆکاری نووسینی ئەم نامانەیە بۆ تۆ، لە راستیدا لەو باوەڕەدا نیم، تۆ بە هیچ شێوەیەك بەلای ئەو واقعیەتەدا چووبێتیت، رەنگە وا لێکت دابێتەوە، من لە هاتنی تۆ بترسم، یان پێتوابێت مرۆڤێکی مەزنم، چونکە لە گەنجیدا بیر لە پیری دەکەمەوە، نا... هیچ لەوانە دروست نین، بەڵکو واقعیەتی ئەو نامانە دەگەڕێتەوە بۆ تەنهایی خۆم، لە بەرئەوەی کەس شك نابەم ئەم نامانە بۆ تۆ دەنێرم، هیچ کەسێکی هێندە نزیکم نییە شایەنی ئەوەبێت ئەم نامانەی بۆ بنێرم، هیچ کەسێك هێندەی تۆ لە من ناچێت، بوونی تۆ تەنها کەسە من لە تەنهایی ڕزگاردەکات، گەرچی تۆ پاش پەنجا ساڵی دیکە دێیت، بەڵام من هەر چاوەڕوانت دەکەم.

گەورەم

ئەمرۆ چوار شەممە زیاد لە هەر رۆژێك شۆخیم کرد، زیاد لەڕادەی خۆم سوبعەتم کرد، کە رەنگە کاریگەری لەسەر کەسایەتیم خراپ بووبێت، بەڵام خۆناکرێت بڵێم پەشیمانم، ((پەشیمانم)) و ((نەمزانی)) دوو باوترین درۆن، کە رۆژانە هەڵەکانی رابردوومانی پێ پینە دەکەین، نا... پێت وانەبێت، لە بەر پێکەنین و گاڵتە کەسایەتیم لاوازبووبێت، بەڵکو لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێیانی زانستگامدا سنوری خۆمان بەزاند، بەوەی چوار دەورەکەمان بێزارکرد، رەنگە تۆ ئێستا بە هیچ



شێوەیەك تاقەتی گاڵتەوگەپت نەمابێت، بە هەموو شتێك توڕەبیت، منیش تاقەتی ئەوانەم نییە، بەڵام دەبێت بیکەم، بۆ ئەوەی بەردەوامبم، ئا مرۆڤ بۆ ئەوەی لە ژیان بەردەوام بێت پێویستە کۆمەڵێ شتی بێمانا بکات.

بەڕێزم پیری

دەزانم تۆ لەم کردەوانەی ئێستای من بێزاری، هەرچۆن من لە بیرکردنەوەی منداڵیم بێزارم، تۆش دڵنیام ئارەزوو ناکەیت، هەندێك ساتی گەنجیت بێتەوە بیر، کە من ئێستا زۆر بە سادەی تێی دەپەڕێنم، وەکو ئەو ساتانەی منداڵی، کە من لەزەتم لێ دەبینی و ئێستا چاویان لەسەر دادەخەم، بیرمە بە سەوزی هەنارم بە دارهەناری گەڕەکەکەمانەوە نەدەهێشت، ئێستاش ئەو جارەم بیر ناچێتەوە، کە لە دار هەناری ماڵە مەسئولەکەی کۆڵانی ئەودیمان کردەوە و هات بەسەرا، ئای لە پاسەوانەکانی ترسام، کە سنوقی سەیارەکەیان بەرزکردبووەوە دەیانویست بمانبەن بۆ جێگایەك، کە نازانم کوێیە، ئەوان هەموو ئەم وڵاتەیان خوارد، کەس هیچی نەوت، کەچی لەسەر هەنارێك ئێمەیان بەسندوقی سەیارەکە دەترسان، بەڵێ منداڵیم زۆر کارەساتی دیکەی تیابوو، کە ئێستا بە زۆربەیان پێکەنینم دێت، بە هەندێکیان دەگریم، دەزانم تۆش بە زۆر رەوشتی من قەڵس دەبیت، بەڵام چیبکەم من ناتوانم لە

گەنجیدا وەکو پیر بژیم، هەرچۆن منداڵیم لە گەنجیم جیاوازە، ئەی جەستەی شەکەت و ماندووم من لەو ڕەفتارانەی ئەمڕۆم، گەلێك بێزارم، دەمزانی هاوپۆلەکانم تەماشاکردنیان بەرانبەرم گۆڕا، بەڵام چیبکەم مرۆڤ کە لەگەڵ کەردا تێکەوت، دەبێت کەر بێت، تاکو لەو تێکەوتنە دەردەچێت، چواردەورەکەی منیش هەموو جۆرێکی تیایە، پێویستە منیش هەموو جۆرێکبم، جارێك کەرم و جارێك عاقڵ، جارێك کراوە و جارێك داخراو، زۆر بە دەگمەن بۆم ڕێك دەکەوێت خۆمبم، هەمیشە ئەوەی دەیکەم نمایشکردنە، کە ڕەنگە تۆ ئێستا جگە لە خۆت هیچ کەسێکی دیکە نەبیت، ئێوە تەحەموولتان نامێنێت، کەی دەتوانن لەکاتی بێزاریدا پێبکەنن و لە خۆشیاندا بگرین، گەرچی نمایشکردن تاوانێکی گەورەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرە، بە هەموو کەسێك ناکرێت، گەورەم ئەمەشەو هێندە بەسە، دەچم جل و بەرگی سبەینێ ئامادەدەکەم، تاکوبە شێوازێکی دیکە دەرکەوم و نمایشی کەسێکی دیکە بکەم، ماڵئاوا چاوەڕوانی نامەی سێهەمم بە.

دڵسۆزت-سوارە

بۆ/

کۆڵانی کابراپیرەکە/ماڵی نمایشکردن



٣

## مانەوەم لە ناوکتێبەکاندا

سڵاو

ئەو کاتەت باش کە تیایدا دەژیت، کە ڕەنگە هەرنەگەم پێی، بەڵام لە ئێستادا وام پێ باشە هیوای ساغ و سەلامەتیت بۆ بخوازم، تاکو درێژە بدەم بەو موجامەلە درۆیەیی ڕۆژانی ئەمڕۆی پێتێدەپەڕێنم، گەرچی کەس ناتوانێت لەگەڵ خۆیدا درۆبکات، بەڵام من لەسەر ئەمە ڕاهاتووم و چواردەورەکەشم وایان پێخۆشە، کە بەدرۆ پێیان بڵێم (بەقوربانتبم، چاوت ماچدەکەم، لە خزمەتتدام،...)، سوریش دەزانن، کە کەس خۆی ناکات بە قوربانی کەس، بەڵام ئەوا ئێستا من بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم، کە درۆت لەگەڵ ناکەم و تەمەنا دەکەم مەرگم پێش مەرگت ببێت، ئەمەش بەخاتری خۆم نەك تۆ، چونکە ڕۆژانە سەدان مرۆڤ دەبینم، کە پیری زەلیلیان دەکات، نەوادە منێك کە بەم گەنجییە شەلاڵی کێشەم و ئازار یەخەم بەرنادات، بەهەرحاڵ .. لێ گەڕێ مردن کەی دێت، با نانێکمان لەگەڵدا بخوات و سەفەرەکەی لەگەڵ بکەین.

**گەورەم پیری**

ئەمڕۆ بیرێکی جیاوازم بە مێشکدا هات، کە ڕەنگە لە بیرکردنەوەکەمدا کەمێك بە ناوی تۆشەوە بڕیارم دابێت، گەرچی ژیانی منی پیر لە ژێر ڕکێفی منی گەنجیشدا نییە، بەڵام لە بیرکردنەوەکەدا خۆم لێ گێل کرد، ڕەگە بڕیارێکی قورس بێت، بەڵام هێشتا هەر لە بیرکردنەوەدایە، گەورەم تۆ شارەزایت زیاتر دەبێت و ئەزموندارتری لە ئێستام، بۆیە ئەوکاتە سەرپشکی لە بڕیاردانی خۆت، بەڵام ئێستا من وا بیر دەکەمەوە، کە هەمیشە مرۆڤ لە ناوکتێبدا بژی باشترە لە هەرشتێکی دیکە، ئەوانەی کتێب دەخوێننەوە، ئەگەر دیکتاتۆریشبن، دەزانن بۆچی دیکتاتۆرن، ئەگەر لەشفرۆشیش بن دەزانن بۆچی دەیفرۆشن، من ئێستا وا بیر دەکەمەوە، کە کلیلی هەمو شتێك کتێبە، هەوڵ دەدەم، کە بەردەوام لەگەڵیا هەڵبکەم، ناشوێرم زۆر یەقینبم لەسەری، هیچ دەربارەی ئاینده نازانم، بەڵام بە هەموو شێوەیەك مانەوە لەگەڵ شتێکدا کە خۆت ئارەزووتە قورس نییە و هیچ شتێك مەحاڵ نییە، زۆر لایەنم لێکداوەتەوە، لە هەموویان ترسناکتر ئەوەیە کە دەبەنگی یەخەم بگرێت، ئەو کاتەیە کە منیش دەبم بەگێل و ئەوانەی دەینووسم، هیچ دوای خۆی ناگۆڕێت، بەڵام خۆشبەختانە لە بیرکردنەوەکەمدا چارەسەرم بۆ ئەمەش دۆزیوەتەوە، گەرچی زۆر قورسیشە، بەڵام تەنها ئەوەندەم دەوێت، کە بزانم توشی گێلێتی و نەفامی بوومە،(جا ئیتر نازانم ئێستا وەهام یان نا؟)، ئەوکات بەم



شێوەیە واز لە کتێب دەهێنم و دەبم بە کتێبفرۆش، باشم بیر لێکردۆتەوە، کاسبیەکی باشە، بەشی ئەوە دەکات مرۆڤ خۆی پێبژیەنێت، گەورەم نازانم تۆ چۆن بیری لێدەکەیتەوە، بەڵام کتێبفرۆشی بە بیرۆکەیەکی خراپ نابینم.

**پیرەپیاو**

ڕەنگە ئێستا تۆ بووبیت، بە خاوەنی دوکانی خۆت و سەرقاڵی کتێبفرۆشتن بیت، منیش وا چاوەڕوانی زەمەن دەکەم تێپەڕێت، نازانم تا چەند وەکو گەنجەکانی دیکە بیردەکەمەوە، بەڵام دڵنیام تا دەشمرم نازانم بۆچی ژیام، ئەمەیان بە دڵنیاییەوە تۆ باشتر بیری لێ دەکەیتەوە، تۆ لە مردنەوە نزیکتریت و زیاتریش ئەزموونی ژیانتکردووە، من لە ئێستادا دەست بە لەشمەوە دەگرم و دەزانم هەم، نازانم بۆچی، بە هەرحاڵ منی گەنج بیر لە هەموو شتێك دەکەمەوە، لە تۆ دەپرسم، ئایا گەیشتوومەتە هیچ ئەنجامێك؟

ماڵئاوا گیانی من نامەکانی دیکەم زیاترت پێ دەڵێ

گیانی خۆت

سوارە

بۆ/

بازاڕی حیکمەت/ کتێبفرۆشە پیرەکە

٤

## بەفرەکە وەك ڕیشت سپییە، مردنت لە پەنجەرەکەمەوە دیارە

سڵاو

زستانت باش، ڕەنگە لە ناو زستانیشدا نەبیت، بەڵام من ئێستا لە زستاندام، نازانم تۆ لە کەیدایت، تەنها ئەوەندە بەسە کە لە کاتێکدابیت، هێندە بەسە کە ئێستا لە ژیاندا بیت و نەمردبیت، داوای لێبووردن دەکەم، کە مردنت بیر دەهێنمەوە، دەزانم ئێستا تۆ زیاد لە هەرشتێك، چاوەڕوانی مردن دەکەیت، لە بەر ئەوە هەمیشە لە بیرتدایە، بەڵام ئێستا من وانیم، کەم جار ڕێم دەکەوێتە کونجی بیرکردنەوە لە مردن، بەڵام ئەوجارانە دەکەومە بەرلێشاوی گەلێك پرسیار، کە دڵنیام تۆش هەردەم پێچەکانی بیرکردنەوە بەدوای وەڵامەکانیدا



دەگەڕێیت و بێ هودەیت، گەورەم لە ئێستای تۆدا زیاترین تێفکرینی منت هەیە، لە هەوڵدان بۆ بینینی ئەودیوی مردن، ڕەنگە قورسیش بێت باوەڕت پێبکەم، کە تۆ بەو پیرییەوە لە مردن ناترسیت، کەمێك هەر ڕێی تێ دەچێت، بەڵام زۆر ئەستەمە بیهێنمە بەرچاوی خۆم، کە تۆ هەمیشە بیر لە مردن نەکەیتەوە و دونیا گەلێك پرسیارت لانەبێت، سەبارەت بە ئەنجامی ژیان.

بمبوورە ئەمانەم بۆ ئەوە باس نەکرد، بترسیت یان ئەو دونیات بە بیر بهێنمەوە، تەنها ئەوەندەیە، کە گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی، کە ئێوەی پیر هەرگیز دەربەستی ئەوە نایەن کە دونیا ساردە یان گەرمە، وەرز پایزە یان بەهار، ئێوە تەنها ئەوەتان دەوێت، کە ژیان بەردەوام بێت، بەڵام ئێمەی گەنج بەخاتری ئەوەی هێشتا ژیانمان لە پێش ماوە، جارێك ڕقمان لە بارانە و جارێك لە گەرما بێزارین، ئێمە شەڕ بە تەزەوقەکانی خۆشمان دەفرۆشین، لە بەر ئەوەی هێشتا دوورە مردن تەنگمان پێهەڵبچنێت، هێشتا تامی ژیان دەکەین و نازانین نزیکبوونەوە لە مردن چەندە ئەستەمە.

سوارەی ڕیش سپی

نازانم لە کوێیت و چی دەکەیت، بەڵام من وا بە دیار کۆمپیوتەرەکەوە دانیشتووم و ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنێرم،

دەرەوە بەفرێکی چڕ دەبارێت، بەسەیرکردنی سەرما بەلەشمدا بڵاودەبێتەوە، ژوورەکە گەرمە، زۆپاکەم لە تەنیشت خۆمەوە داناوە، جار جار تینی خەریکە قاچم دەسوتێنێت، لە پەنجەرەکەوە دیمەنی بەفرەکە دەبینم، ، زەوی و بان و سەری داپۆشیوە، دیمەنی ڕیشی تۆم دێنێتە بەرچاو، ڕەنگە تۆ ئێستا بەدەستت، لە ناو بەفری ڕیشتدا یاری بکەیت، ئەوەی لە پەنجەرەکەمە دەیبینم مردنمە، بەڵام سەرمامە و سەرم بۆ گەنجێتی دەخورێت، حەزم لە شەڕەبەفرە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بچمە دەرەوە، شەممە تاقیکردنەوەی زانستگام هەیە، دەبێت بەدیار دەرسەکانمەوە دابنیشم.

ئەزیزم، کەهاتمە سەر کۆمپیوتەرەکە، شتێك بە مێشکمدا هات، ئەوەی کە دەبێت لەو سەردەمەی تۆدا زانست گەیشتبێتە کوێ؟ بەڵام لەبەر تاقیکردنەوەکەم، لەم نامەیەدا هیچی دەربارە ناڵێم، بۆ نامەی داهاتوو.

ماڵئاوا هیوادارم وازوو نەمرێت

گەنجیت

سوارە

بۆ/

کابرا ڕیش سپیەکە/ کۆڵانی ئەمدیوی مردن



٥

## رەنگە ڕۆبۆتەکان کاری خودا بکەن

سەلام،

ئەم کاتەت خێر ئەزیزم، بەختەوەر بیت و دورە خەم بیت، هیوادارم تەنها یەك کێشەت هەبێت، ئەویش ئەوەبێت، کە بێ کێشەبیت و هیچ نەبێت سەرت بیەشێنێت، هەڵبەت گەر بە وردی لێکدانەوەیەکی بۆ بکەیت، ئەوە گەورەترین کێشەیە، بەتایبەتی لە گەنجیدا، کە زۆر جار بەرەو هەڵدێرت دەبات و دەتگەیەنێتە سەر ڕێگەیەك، وەك ئاوێنە وایە و ناتوانی جارێکی دیکە لێوەی بێیتەدەرەوە، بەڵام بەختەوەربە، کە هەرگیز پیری تووشی ئەوە نابێت، پیری لە هەموو تەمەنێك زیاتر لە بیرکردنەوەدایە، گەرچی هەمیشەش دەگاتەوە سفر.

جەستەی شەکەتم، تۆ من دەگەیەنیتە کوێ؟ تاکو ئێستا بەسەدەها هەزار وێنەی تۆم لە چاوی خۆمدا کێشاوە، بەڵام ئێستاش خاڵیم لە وێنەیەکی راستەقینەی تۆ، نازانم تەمسیلی ئەدیبێکی سوریالی دەکەیت، یان پیرەمێردێکی خافڵیت و بیر لەوەدەکەیتەوە، رۆژێك لە رۆژان شتێکت نووسیوە، رەنگە ئەدەب بووبێت، ئەگەر هەرچیەك بیت بۆ ئێستای من کێشە نییە، بەڵام ئێستا من هەرچیەکبم، بۆ ئەو کاتەی تۆ هەر کێشەیە، تۆ ئایندەی، ئێستا تۆ دیاری دەکات، منی گەنجم تۆی پیر بەرهەم دەهێنم، بەڵام ئەمەت پێ نافرۆشمەوە، ئەمە ئەرکی خۆمە.

منی ئایندە

ئەو قسانەی سەرەوە هەروەك دەست پێکێك بوو، لە نامەی پێشوودا لە باسی تەکنەلۆژیادا وەستام، من ئێستا زۆربەی کارەکانم بە کۆمپیوتەر ئەنجام دەدەم، کە رەنگە تۆ هەر گاڵتەت پێ بێت، هەر چۆن من ئێستا گاڵتەم بەو چاپەدێت، کە بیست ساڵ لەمەوپێش رۆژنامەو کتێبیان پێدەردەکرد، رەنگە ئێستا لای ئێوە، گەلێك داهێنانی گەورەتر کرابێت، کە من هەر بە خەیاڵیش رێم تێی ناکەوێت، گەر پەنجا ساڵ لەمەوبەر کەسێك باسی (فاکس) یان (مۆبایل) بکردایە، نەك هەر گاڵتەیان پێ دەهات، دوور نەبوو پیشانی دکتۆری



دەرونیشیان بدایە و بیانزانیبایە شێت بووە یان نا؟ بەڵام من ئێستا زۆر بە سانایی بەکاریان دەهێنم و وا دەزانم بەبێ ئەوانە رێکردنی ژیان زۆر ئەستەمە، هاوڕێم دڵنیام لە ئێستای ئێوەشدا، کۆمەڵێك داهێنان کراوە، کە زۆر بە زەحمەت خەیاڵم پەی پێ دەبات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمێك بە تاریکی شتێك دەبینم، کە باسی بکەم دوور نییە زۆر کەس بە شێت یان گوناهبار ناوم بەرن، ئەی ڕوحی پیریم، تۆ پەنجا ساڵی دیکە دێیت، بەبەراورد لەگەڵ پەنجا ساڵ بەر لە ئێستادا، هەموو ئەم شتانەی کە ئێستا واقعن، خەیاڵ و شێتی بوون.

ئێستا مرۆڤ رۆبۆت دروست دەکات، زۆربەی ئەو کارانە دەکەن، کە ئێمەی مرۆڤ پێی هەڵدەستین، دور نییە لە سەردەمی تۆدا رۆبۆتی گەلێك زیرەکتر دروست بکرێت، کە گەلێك کاری گرانتر و ئەستەمتر ئەنجام بدەن، من وای بۆ دەچم رۆبۆتەکانی ئەوکاتە بتوانن چیرۆك بنوسن و ببن بە ئەدیب، یان لە کۆلێژێکدا بخوێنن و دواتر چارەسەری نەخۆش بکەن، گەورەم نازانم تا چەند بۆچوونەکانم راست دەرچوون، بەڵام من لە خەیاڵی خۆمدا وێنام کردووە، کە رۆژێك لە رۆژان رۆبۆتەکانیش رۆبۆتی دیکە دروست دەکەن، دوور نییە مرۆڤ ئیشەکەی خودا بکات و ببێت بە خالق، من ئێستا بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ ئەودیوی زەویدا دەکەم، بەڵام رەنگە تۆ ئێستا

گاڵتەت بەمە بێت و لەگەڵ ئەودیوی مردندا قسەبکەیت، دوور نییە ئامێرێکتان دروستکردبێت، لەگەڵ ئەودونیادا پەیوەندی بگرن، لەگەڵ بەهەشت و جەهەنمدا قسەبکەن، گەورەیی من توخوا ئەگەر ئەم جارە قسەت لەگەڵ ئەو دونیاکرد، دایکمت بیر نەچێت، من زۆر بیری دەکەم، نازانم تۆش وایت یان نا؟ حەزدەکەم قسەی لەگەڵکەم و گوێم لە دەنگی بێت، ئا بمبوورە تۆ ئێستاش کوڕە بێ دایکەکەی جارانی؟ ئێستاش خاڵێت لەوێنەی دایکم؟ یان لە بیرت چووەتەوە؟.

دەزانم زۆر جار بیرم لێ دەکەیتەوە، رەنگە ئێستا بەدیار ئەلبوومەکەمەوە بۆ ئەم کاتەی من بگریت، دەزانم لە هەموو شتێك سەختترە بگەڕێیتەوە بۆ رابردوو، بەڵام خەمت نەبێت، لە جێگەی خۆتبە و ئاسوودەبە، تۆ مەگەڕێرەوە بۆ رابردوو من دێم بۆ ئایندە، چاوەڕوانم کە هەر پەنجا ساڵی دیکەیە من دەگەمەلات، ئێستا با ئەم نامانە بەختەوەرت بکات، جارێ هەر نامەیە، خۆشم هەر دێم.

ئەمشەویش بەدیار تەنهاییەوە ماڵئاوا، ماڵئاوا....

ئەزیزت

سوارە

بۆ ئایندە- کۆڵانی دکتۆرە رۆبۆتەکە



٦

## من سپێدەم و نامە بۆ ئێوارە دەنێرم

سپێدە باش

بمبوورە ئەگەر لە بەیانیشدا نیت، نامەکە هەڵگرە و بەیانییەك بیخوێنەرەوە، بەیانییەك کە هێشتا کەس نازانێت بۆ نیوەڕۆ چی ڕوو دەدات، بەڵام من بۆ ئێوارەی تەمەن نامە دەنێرم، ئێستا بەیانییە و منیش لە بەیانی تەمەندام، ئەی ئێوارەی ژیانم ئەم نامانە بۆ تۆ دەنێرم، بۆ تۆی دەنێرم بەبێ ئەوەی بزانم، کەشت بارانە یان هەتاو؟ ئاوا بوویت یان هێشتا لە زەردەدایت، گرنگ ئەوەیە بۆتۆی دەنێرم، رەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا نامەیەکیشت بە ناونیشانی (فیردەوس) یان (وەیل) بۆ بنێرم، نەبادا ئاوابووبێتی، بەڵام ئێستا نا، ئا ئێستا نا، هێشتا زووە بۆ مردن.

زۆر دەمێکە دەربارەی (کات) دەمەوێت شتێك بزانم، ئەوەی ئێستا من بیری لێدەکەمەوە، زۆر ئەستەمە راستبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بیرکردنەوەی منە، لەو باوەڕەدام چەندان سەدەیە، لەسەردەمی ئادەم و حەواوە، لەو کاتەوەی شەڕی (سێو)یان بە خودا دۆڕاند، ئێمەی مرۆڤ لە یەك کاتداین، تاکو ئێستا یەك خولەکە و تێنەپەڕیوە، ئەوەی دەڕوات زەمەن نییە، ئەوەی تێدەپەڕێت مانگ و ساڵ نییە، بەڵکو ئەوە ڕووخساری ئێمەیە دەگۆڕێت،(تۆ تێپەڕینی پەنجا ساڵی؟ یان هاتنی ڕووخساری پیریت؟)، یان بە واتایەکی دیکە دەمەوێ بڵێم، کات وشەیەکی وەهمە، چەمکێکە بۆ ئەوە دروستکراوە، پەردەپۆشی پرسیاری (ژیان چیە؟)ی پێ بکەن، بەهەر حاڵ بێگومان ئێوە لە ئێمە زیاتر لە کات تێگەیشتوون، لێدەگەڕێم پەنجا ساڵی دیکە ئەو نهێنییە بزانم، تا تۆ دێیت و پێم دەڵێیت ئەو بیرکردنەوەیەت هەڵەبوو.

گەورەم ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڕێکانمدا کەمێك هەستم بە ساردی مامەڵەکردن دەکرد، (نازانم ئێستا ئەو هاوڕێیانەت ماون یان نا؟)، نازانم یاسای هاوڕێیەتیت ئێستا چۆنە، هەڵبەت دەبێت گۆڕابێت، ڕەنگە ئێستا ئێوە سۆز نەبەستنەوە بە هیچ شتێکەوە، بەڵام دەزانم دۆڕانی گەورەی ئێمە بەکارهێنانی سۆزە لە هەموو جێگایەکدا، دەزانم هەڵەیەکی گەورەیە، کە هەموو پەیوەندیەکانم وابەستەی



سۆزن، بەڵام ناشتوانم وانەبم، چواردەورەکەم وایان پێخۆشە، گەورەم چەند بەختەوەر دەبم، کە ئێستا تۆ پێکەنینت بەم قسەیە بێت و بۆخۆت بژیت، نەك دەوروپشتەکەت.

ئەزیزم

ئەگەر ئێستا ئەو هاوڕێیانەت مابێت، بەدڵنیاییەوە کە ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە، باسی ئەوە دەکەیت، کە چەند بێدڵی ئێستای منیان کردووە و دوور نییە کەمێك سەر زەنیشتیان بکەیت، (هەڵبەت ڕەنگە خەتای ئەوانیش نەبێت، ئەوانیش دەیانەوێت من وەکو ئەوان بیربکەمەوە، منیش دەمەوێت ئەوان وەکو من بیربکەنەوە)، بەڵام گەورەیی من زۆر دڵنیام کە ئێستا هیچ لەو هاوڕێیانەت نەماون، شوکور تێگەیشتوویت هەندێ شت هەیە سەردەمیە، ڕەنگە ئێستای ئێوە هاوڕێیەتی مانای (کار) بگەیەنێت، هەر کە کارت لەگەڵ کەسێکدا نەما ئیدی هاوڕێت نییە(ئەمە نەك بە مانایەکی نادروست)، بەختەوەرم ئەگەر لە سەردەمی تۆدا هاوڕێیەتی ڕوپۆشکراو کۆتایی هاتبێت، ئەگەر هەر ڕۆژێکیش چوویتە سەر ئەلبوومەکەت و کەمێك بیرت لە گەنجی و هاوڕێکانت کردوە، هەوڵبدە وەکو رابردوو بژیت و ڕێزی ئەوە بگرە، کە هیچ نەبێت منی گەنج زۆرم خۆشدەویستن، ئیدی بیر مەکەرەوە ئەوان چۆن بیریانکردۆتەوە، گرنگ ئەوەیە من بە کەسی خۆمم زانیون.

پیرەڕێم ئەوەی سەرەوە ئەوەی سەرەوە مانایەکی سادەی هاوڕێیەتیە، بەڵام دیوەکەی دیکەی ئەم پەیوەندیە زۆر ئاڵۆزە، هەڵەی ئێمە ئەوەیە ئەو ئاڵۆزیە بە سادەیی هەڵدەبژێرین، ...

ڕیشە شپییەکەت ماچ دەکەم، دەزانم سۆز تا سەر ئێسکم هەڵەی هێناوەتە ڕێم، (بۆ هاوڕێیەتی هەندێك بەناو هەوڕێ)، نەك بەس بۆ هاوڕێ بگرە سەرجەم لاوازی پەیوەندییەکانم تاوانی ئەوەیە بە سۆز بیردەکەمەوە نەك بە عەقڵ، گەورەم دەخوازم ئێستا خاوەنی کۆمەڵی هاوڕێبیت، کە بە وریاییەوە هەڵیانت بژاردبێت، ئەگەر یەکێیان بێ ئینسافیشبوو، نەکەی وەك ئێستای من پێی بێ تاقەت بیت، هیوادارم گلانی من بڕوانامەی سوارێتی پێ بەخشیبیت، بەداخەوە زۆر جار گلام، زۆرجار لە شیرینیدا قوتدرام و بەهۆی تاڵیمەوە تفیانکردمەوە.

پیرەمێرد

ئامین دەکەم ئێوە گەلێك گۆڕانکاریتان لە لایەنی کۆمەڵایەتیدا کردبێت، بەتایبەتی (عەشق)، زۆر زامدارم کە ناهێڵن بە خاتری (عەشق) عاشقبم، ڕەنگە ئێستا ئێوە مانایەکی دیکەتان دابێتە عەشق، بمبورە ناتوانم هیچی دیکە دەربارەی عەشق بنووسم، بەڵام لە نامەی داهاتوودا خانمی خورمات بیردەهێنمەوە و زۆر شتی دیکە باس دەکەین، ئێستا بە ڕووخساریکی دوورە عەشقەوە ماڵئاوا...ماڵئاوا...

بچوکیت

سوارە

بۆ/ پیرەمێردەکە - کۆلانی زەردەی ئێوارە



## ٧

## خانمی فیراق و گەشتی بەرەو ئەبەد

سلاو گەورەم

**دەخوازم لە باخچەی یەکێك لە قاوەخانەکانی پارکێکی شاردا بەدیار سۆناتایەکی (پاگانینی)ەوە ئەم نامەیە بخوێنیتەوە:**

ئەزیزم، نامەی پێشوو لە باسی عەشقدا وەستاین، ئای چەندە سەختە مرۆڤ لە عەشقدا بووەستێت، سوێند بە پەپوولە و باران، لەو کاتاوەی نامەی پێشووم تەواو کردووە بە دەگەمەن کاتێك هەبووە بیرم لای ئەم نامەیە نەبێت، کە وا ئێستا بۆتی دەنووسم، ئەزیزی من دەزانم ئێستا گەلێك عاشقتری، عەشق وەك عەقڵ وایە لە ئەزەلەوە لەگەڵمان دێت، تا پیربین کاملتر دەبێت، وەك پیریش توشی سەد دەرد دەبیت، من دەزانم ئێستا تۆ لە من عاشقتری، بەڵام نازانم هەمان مەعشوقەکەی جارانت

هەیە، یان ڕوخساری سەدان ئافرەتی دیکەی بەسەردا هاتووە، گەورەییە گەورەم تائەبەد بیرت نەچێتەوە، بەڵام ئەستەمە، سەختتر لە مردن ئەوەیە، کە بتەوێ تا مردن کە سێکت بیر نەچێتەوە، کە هەر بیر لەتۆ ناکاتەوە، چ برینێکی سەختە فیراق، ئەی عەشق مانای چی؟! ها؟ گەورم مانای چی عەشق؟ مەگەر تۆ لە گەنجیتدا وات بیر نەدەکردەوە، کە عەشق واتە دۆڕان و عاشق دۆڕاو، ئیدی بۆ ئەو کۆڵە گەورەیەت هەڵگرت؟ بەڕێزم هەموو ئەمانە دەزانم، بەڵام کەمێك بیر لە ئێستای من بکەرەوە و بڕیاربدە، لەو جیگایەی عەشق هەیە کوا (فام) دەژی؟ ها گەورەم؟ هەڵبەت هێشتا رووخساری خانمی خورمات بیر ماوە، ئێستا هەرچی جارێك دەیبینم، دەکەومەوە بیر دێڕی خورمای نالییەوە، دەزانم لێو و سنگی گەلێك لە (روتاب) شیرینترە، دەشزانم دڵی زۆر لە ناوکەکەی رەقترە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەستەمە، کە دەیبینم موچوڕك بە لەشمدا نەیەت، کە چاومان تێکەڵی یەك دەبێت گەلێك لە خودا زیاتر لێی دەترسم، چەندە ترسێکی خۆشە، چەندە بێ ئومێدیەکی گەورەش!!، سوێند بە مەرگی تۆ، لەم بیست و دوو ساڵەی تێم پەڕاندووە، هیچ شتێك هێندەی عەشق لێی نەترساوم، چ ئەستەمە مرۆڤ لە ناسکی بترسێت.



دەزانم ئێستا پیرەمێردێکی ریش سپیت و بە تاسەی تامی لێوی و گوشینی پەنجە تووتەیەوە، چاوەڕوانی مردن دەکەیت، ئەوەت باشترە چاوەڕوانی مردن بکەیت، لەوەی چاوەڕوانی ڕێبوارێك بکەیت، کە دەزانیت هەرگیز نایەت، عەشق چاوەڕوانی ڕێبوارێکە، کە لە کوژرانی هابیلەوە ڕێگای ونکردووە، دەزانم گەیشتنی بە تۆ چەندە گرانە، لەبەر ئەوە لێگەڕێ چاوەڕوانی مردن بکەیت باشترە، ئەو زووتر دێت، گەورەییم، سوێندم بە شیعری (جۆلانە)ی هێمن، سوێند بە هەمووچریکەکانی مامڵێ، هێندەی ئەم دونیا خانمی خورما لە ناخمدایە و هێندەی ئەودونیاش فیراقی خوێنم دەمژێت، جگە لەوەی باڵم نییە، ئەژنۆکانم دەلەرزن و خەیاڵی فڕینم هەیە، سەیرکە عەشق چ مەغریبێکی تاریکە!

جەستەی شەکەتم

رەنگە ئێستاش جارجار بە دیوانەکەی نالیەوە، لەبەردەم پەنجەرەکەدا(ئا بمبوورە رەنگە لەم خانووەدا نەمابیت) بەدەم شیعرێکی کلاسیکەوە، پێك پێك شەراب بنۆشیت و ناو بەناو دەنگی پاسارییەکانی سەر درەختەکە بتباتەوە بیری خانم، ئای لە عەشقدا رابردوو چ عەزابێکی گەورەیە، عەزابێك کە شەراب و شیعریش توشی شکست دەکات، ئەزیزم ئەوانەی کە خوێنی مرۆڤ دەڕێژن، ئەوانەی کە دەبن بە دیکتاتۆر، ئەوانەن

کە خاڵین لە (شیعر و شەراب و عەشق)، لێگەڕێ ئەوەی مێروولەیەك دەکوژێت، خودا عاشقی بکات، بەڵکو تا ئەبەد بە زامی فیراقەوە بناڵێت، خودایە کێ تاوانی کرد سزای عەشقی بدەرەوە... .

**پیرە پیاوە کلاسیکەکە**

ئەو ئێوارەیەت بیرە؟ کە ئەم دێڕەم نووسی (حیجابت بۆچیە؟ خۆت ئیمانی)، ئەوە یەکەمین ئێوارە و سەرەتای تێگەیشتنی من بوو لە فیراق، بەڵێ دڵنیام بیرت ماوە، (حیجاب) بوو، کەمن زانیم، تا ئەبەد وابەستەی فیراقم، ئەوە سەرەتای ڕێگایەك بوو، کە نەدەچووەوە سەر هیچ کام لە کونجەکانی پێك گەیشتن، لەو ئێوارەیەوە تێگەیشتم کە ئیدی ئەوەی من دەبێت بیکەم، لە بیربردنەوەی فیراقە نەك شکاندنی فیراق.

مامە سوارە (بم بەخشە، ڕەنگە کۆلێژت تەواو کردبێت وئێستا مامۆستای ماتماتیك بیت)، لەبەر ئەوە مامۆستا سوارە، ڕەنگە ئەوکاتەی خۆت عەشق وەها نەبینیت، هەڵبەت وەك هەر شتێکی دی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، دوور نییە ئێستا پێکەنینت بەم قسانە بێت و چیتر باوەڕت بە عەشقی کلاسیك نەمابێت، چەندە سەیرە دەمەوێت ئەو شێوەیەی تۆ بێنمە



بەرچاوم، کە عەشقت لە کێشانی لەزەتێکی گەنجیدا کۆکردبێتەوە، بەڵام بۆ ئێستام ناتوانم، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەنزیکی دەزانم، ڕۆژ بەڕۆژ عەشق وەك هەر شتێکی دیکە بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت، تاکو دەبێتە قوربانی بۆ تەکنەلۆژیا و مۆدێرنە، ڕەنگە لای ئیوە عەشق بووبێتە هاوکێشەیەکە کە کەس عەودالّی هاوسەنگکردنی نەبێت، بەڵام لە واقعدا عەشق پرسیارێکە هەرچی مامۆستای ماتماتیکی دونیا هەیە، ناتوانێت ئەنجامێکی بۆ بدۆزێتەوە.

بمبوورە مامۆستا گیان کەمێك درێژدادڕیم کرد، بەڵام دەیویست، قسەکردنی عاشق لەسەر عەشق، وەك قسەی نێچیرە دەربارەی تۆڕ.

ماڵئاوا کەنەفتیم ماڵئاوا، ئەم شەویش ماڵئاوا... .

**لەگەڵ ڕێزی سوارەی گەنج**

**بۆ شاری محەبەت/ کۆڵانی فیراق**

**سەرنج/** نازانم خانم بە ناوی حیجابەوە بانگ بکەم یاخود بە ناوی خورماوە، هەردوو ناوەکە دروست بۆ ئەو دەگونجێت

٨

## شیعر؛ مەترسیە گەورەکە

سلاو

شەو باش، هەمیشە بەختەوەر بیت، ژیانت پڕ بێت لە شیعر، بەڵام دوعای بە شاعیربوونت بۆ ناکەم، تۆ شاعیر نیت ئاوها دەژیت، نەوادە شاعیر بیت، شیعر تەنها لە دوورەوە خۆشە، راستە تەنها مرۆڤە گەورەکان دەبن بە شاعیر، بەڵام پێم وایە گەورەییەکەیان لەوەدایە، کە بەرگەی ئەو هەموو ئازارە دەگرن، کە بە کوڵی شیعرێکەوەیە، ئەوانەی لە ئەزەلەوە بۆ شیعر دەخولقێن، لە ئەزەلەوە خەمگینن، خۆشیان نازانن بۆ، گەورەیم کارسات لەوەدایە شعیر لەبری ئەوەی خەمگینت بکات، ببێتە جێگای دڵخۆشی، وەکو هەندێك لەم جۆرە شاعیرانەی ئەمڕۆ، من ناتوانم شیعر بنووسم، بەڵام سەیرم لێ



دێت، زۆر لەوانەی ئەمڕۆ، شیعر بە عارەق و ویسکی تێدەگەن، وا تەماشای دەکەن خەفەت بڕەوێنێتەوە، خودایە ئەمانە چ گەمژە گەلێکن، زۆر بە بێدەنگی هێندەی سیاسەت زەرەر لە ئەدەبیات دەدەن، ئەمانە شیعر لە ناخیاندا نییە، بەڵکو شیعر دروست دەکەن، زادەی زایق نین، بگرە ئەمانە سەنعاتکارن و لە بەرگردوورێك دەچن، بەرگ بۆ سەرکردەکان بدوورن، دڵنیام ئێستای ئێوە شیعر گەلێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەروەك گۆڕانی کلاسیك بۆ ڕیالیزم و بۆ ڕۆمانسیەت و سوریالیزم و دادایزم و پەرناس و تا دوای، بەڵام بەگومانم گۆڕان لە کەسایەتی شاعیردا ڕوویدا بێت، ئەو مەعدەنەی خودا شاعیری لێ دروست دەکات، تاکو دواین چرکەی زەمەن تەواو نابێت، لەو باوەڕەدام کەی ئەو مەعدەنە تەواو بوو، کەی شاعیر نەما ئیدی ڕۆژی دواییە و چیتر ژیان نامێنێت، بەڵام مەترسی هەرەگەورەی ئەمڕۆ لەوەدایە (هیوادارم ئێوە ئەو مەترسیەتان نەهێشتبێت )، کە شاعیر لە ئەزەلەوە شاعیر نییە، بەڵکو وەکو دارتاشی فێری دەوبێت.

گەورەم ئەمڕۆکە ئێمە خاوەنی بەناو سەدان شاعیرین، کەچی هێشتا لە دواین فارگۆنی شەمەندەفەرەکەداین، من وا دەزانم میللەتێك بۆ گەیشتن بە ئامانج دوو شاعیری بەسە، بۆ ڕزگار بوون لە سەدان سەرکردەی بەدفەساڵ تەنها شیعرێك بەسە،

که چی ئێمه بەم ڕەوگەلەوە خەریکە دەخنکێین، خودایە چ کارە ساتێکە میللەتێك هەمووی شاعیربێت! چ عەزابێکە ئەو ڕەوگەلە شیعریان نەبێت.

بەڕێزم پیری

نازانم ئێستا ئێوە شیعرتان گەیاندۆتە کوێ؟ پێشبینییەکی قورسە، بەلاّم ئەگەر تەنها دەنگی ئەو یەك دوو شاعیرەی ئێستا گەیشتبێتە جێگای خۆی، دلنیام هێشتا لە دواین فارگۆنی شەمەندەفەرەکە نەکەوتوونەتە خوارەوە، ئەی پیاوە ڕیش سپیەکەی هەواداری شیعر، من تێناگەم ئێوە شیعرتان گەیاندۆتە کوێ؟ نازانم ئەو ڕێبازەی لە سەری دەڕۆن چیە، زۆرم بیر لەوە کردەوە، کە شیوازی نووسینی ئێوە پێشبینی بکەم، بەلاّم زۆر ئەستەمبوو، هیچی وام دەست نەکەوت و بیرکردنەوەکەم لە حەزی کوڕە جووتیارێك دەچوو، بۆ کچی دەرەبەگێك، لە گەڵ ئەوەشدا وێنەیەکم هەر دروست کردوە، هەڵبەت ئەگەر ئەو وێنەیە راستبێت و من بتوانم جێبەجێی بکەم، دەکاتە ئەوەی داهێنانم کردووە، بەلاّم زۆر لەوە ئەستەمترە کە دەیبینین، ئەوەی کە من پێی گەیشتووم، تەنها هەوڵی کابرایەکی بێ دەسەلاّتە، کە داهێنانەکان دەبینێت و خۆی ناتوانێت بیانکات، وەکو ئەو منداڵەی بە دیار کەبابخانەیەکە پێلاّو بۆیاخ دەکات، هەموو شیشە کەبابەکان دەبینێت، بەلاّم پارەی تامەکەی پێ نییە.



گەورەم، سوارەی ریش سپی، بەبەراورد لەگەڵ پەنجا ساڵ بەر لە ئێستامدا، دەکرێت نووسین بە تایبەتی شیعر گەلێك سنوری تێك شکاندبێت، بە دروستیش فکر و خەیاڵ، من نەدەمەوێت و نەدەتوانم بچمە ناو ئەو یاریەی شیعر و فکر، بەلاّم لە شێوەیەکی گشتیدا گەیشتوومەتە ئەوەی، کە لای ئێوە ژانەرەکان نەمابێت، شیعر و چیرۆك و ڕۆمان هەموویان بووبن بە یەك ژانەر، ژانەرێك ئاوێتە لە هەموو ژانەرەکان(هەڵبەت مەبەستم دەقی والاّ نییە)، گەورەم زۆر شتێکی ناوازە دەردەچێت ئەگەر دەقێك بچنیت، تەکنیکی چیرۆك و خەیاڵی شیعر و فرە کەلتوری ڕۆمانی تیابێت، چەند ناوازەتر دەبێت، ئەگەر ئەم دەقە وەکو شانۆییەك نمایش بکرێت، ئەمە ڕوویەکی تری ئەو دەقە فرە ژانەرەیە، کە بتوانیت پردی پەیوەندی لە نێوان هونەر و ئەدەبیاتدا دروست بکەیت، چ ئاوازێکی ئەفسوناوی دەردەچێت، ئەگەر مۆسیقا بە وشە بێت، چ تابلۆیەکی قەشەنگە وا لە شیعر نەخشاوە، ئەوکات زەمەن لە شتێك ناترسێت، ناشیرینی بکات، بەڵکو تا دێت لە هەوڵی دۆزینەوەی جوانیدا دەبێت.

ئەزیزی من دەتوانم هەر ئەوەندەت پێ بڵێم مەودای نامەکەشم تەواو بوو، نامەوێت درێژتری بکەم و شتێکت پێبڵێم هیچ لە

مەسەلەکە نـەگۆڕێت،  ماڵئـاوا هەمیـشە بەختـەوەر و خوێنـەری شیعر بیت.

ئەزیزت

سوارە

بۆئایندە/ کۆڵانی ئەدەبیات - ماڵی یەك ژوورە



٩

## جوانی ئەوەیە ناشیرین نەبیت

سڵاو

ئێستاکێت باش، وەك هەمیشە دەخوازم ساغ و سـەلامەت بیـت، نـەخۆش نـەبیت و هـیچ نـەبێت خەفـەتبارت بکـات، هەڵبـەت باشترین دوعا بۆ پیرەمێردان ئەمەیـە، دەزانم ئێـستا لـە دڵـەوە حەز لە زۆر دوعـای دیکـە دەکـەیت، بـۆتی بکـەم، بـەڵام بەچـی دەچێت، خـۆ هـیچ بـە دوعـای مـن نییـە، گـەر بـە دوعـای مـن ببوایە، حەزم دەکرد ئەم شارە هـەمووی شاعیر بێـت، ئـەوکات خۆ هیچ نەبووایە، شەڕیان نەدەکرد، گەورەیی من، نەك هـەر بــەدوعای مــن نییــە، بــەڵکو وا هەســت دەکــەم، ڕێــك بــە پێچەوانەی ویستەکانی منەوەیە، خوانەخواستە ناڵێم خودا لـە قینـی منـدا وادەکـات، خـۆ هـەر نـەبێت، ئاگـادارە چـی لـە مـن

دەكات، لێگەڕێ ئەزیزم، با منیش نەكەومە گلەیی كردن، لە بەختی خۆم، با من بێ دەنگ بم.

سوارەی پیر

نازانم ئێستا تۆ لە كوێیت و سەرقاڵی چیت، بەڵام من بەدیار كۆمپیوتەرەكەوە، لەگەڵ گوێگرتن لە گۆرانییەكانی ساڵی هەشتاوشەشی نەجمەدینی غولامی ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم، ئا هەشتاو شەش، ئەوكات من هێشتا لە دایك نەبووبووم، نازانم تەفسیرت بۆ ئەو ساڵە چۆنە، لە كۆتاییەكەیدا دایكم دواین نەوەی خستەوە و ناوی نا (سوارە)، دواین نەوەی خۆی لەسەر زەوی جێهێشت، بەبێ ئەوەی ڕووخساری خۆی پیشان بدات، گەورەم بیرتە چ دایكێكی دڵ ڕەقمان هەبوو، من و تۆی جێهێشت و خۆی ڕۆیشت، بەڵێنت دەدەمێ لە كۆتایدا نامەیەك باسی ئەوت بۆبكەم، لێرە چیتر دەر بارەی دایكمان ناڵێم، ئەوەندە نەبێت، كە ئەویش دوای خۆی جوانییەكی جێهێشت، بەڵێ جوانی جێهێشت، جوانی ئەوە نییە مرۆڤ بەختەوەر بێت، جوانی ئەوەیە مرۆڤ لە نەهامەتیدا شەڕ لەگەڵ ناشیرینیدا بكات، ئەوە جوانییە كە عاشقێكی بێ پارە بیت و بیر لە دزینی گوڵێكی سور بكەیتەوە، نەوەك شارێكت هەبێت و باخچەیەك بە دیاری بدەیت بە مەعشووقەكەت، ئەوە جوانی نییە كە هەمیشە پڵاو و كفتە



بخۆیت، جوانی لەو كولێرەیەدایە، كە بە دەست منداڵێكی دەروەزەكەرەوەیە و پێخۆری پێ نییە، كوا جوانی لە جێگایەك دەژی دەسەڵات و ئۆستۆكراتی لێبێت.

پیرە پیاو

چوزانم ئێستا ئێوە چۆن بیر لە جوانی دەكەنەوە، بەڵام من پێم وایە، ئەوە سەركردە و شۆڕش نییە مرۆڤ ڕزگار دەكات، بەڵكو ئەوە جوانییە لەگەڵ جەور و ستەمدا ناژی، هەموو سەركردەكانی دونیا ناتوانن، هێندەی عاشقێك جوانی و ناسكی بچنن، هەموو شۆڕشەكان پێكەوە مرۆڤیان كووشتووە، بەڵام ڕۆمانووسەكان لە جێگایان سەدان كارئەكتەریان خوڵقاندووە، لەوەتەی زەمەن هەیە دەسەڵات و شۆڕش مرۆڤ بە كوشت دەدەن، ئەدەب هەمیشە دەیەوێت، پاكیان بكاتەوە، ئەزیزم سەدانی وەكو گیڤارا، ژیانیان بۆ ڕزگار ناكرێت، ئەوە شكسپیر و دۆستۆفسكیە ناهێڵێت زەمەن بمرێت، ئەوە كتێبە ئاسمانییەكان نییە بۆ ڕزگاركردنی مرۆڤ دابەزیبێت، ئەوە (زۆربا و داغستانی من)ە.

بەڕێزەكەم ڕەنگە گۆڕانكاریتان لە زۆر شتدا كردبێت، بەڵام جوانی گۆڕانكاری بەسەردا نایەت، لە زایقەوە جوانی یەك سیاقی هەبووە، ئەوە بۆچوونەكانن، دەربارەی جوانی دەگۆڕێن، نەك جوانی خۆی، هەر چۆن من لەسەرەوە

بۆچوونی خۆم دەربارەی جوانی دەربڕی، بەڵام دەکرێت، تۆ ئێستا ئەو بۆچوونانەت نەبێت، تۆ پیرەمێردێکیت و بەدیار لێواری قەبرێکەوە، چاوەڕوانی کەوتنە خوارەوەیت، لەبەرئەوە جوانی لای تۆ مانەوەیە لە ژیان، بێ ئاگا لەوەی جوانی ئەوەیە بە گۆرانییەوە بەرەو پیری مردن بڕۆیت، لای من جوانی مردنە نەك ژیان، بەڵام لای تۆ ژیان بە هەموو پۆخڵەواتەکانییەوە جوانییە، نەك مردن، هەڵبەت هەقی خۆتە وا بیر بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر هەر بۆت نەکرا جوانی بچنیت، ئەوە جوانییە ناشیرین نەبیت.

ئەزیزم شەو درەنگە و ماندووم، ئەم ماوەیە کاری رۆژنامەم زۆر لەسەرە، جگە لەوەش ئێستا دەبێت بچم و ئەو کتێبەی دوێ شەو تەواو بکەم، ئێستا خەریکی خوێندنەوەی کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێڕدراوم، دەزانم وەرگێرانەکە ڕووحێکیانی کوشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر چێژبەخشن، دەقی زیندوو وەکو پشیلە حەوت ڕووحی هەیە، وا بەئاسانی نامرێت،

گیانی شیرینم، دەنگی نەجمەدین ئەچریکێنێ( هەنگە زەردە ئەبڕێت ڕێی دوور بۆ بینینی گوڵاڵەی سور...)، منیش بە کەمێك حەسرەتەوە دەڵێم ماڵئاوا .. ماڵئاوا گیانی شیرینم، ئیشەڵا وازوو نامریت...



ڕێز و حورمەتی زۆرم

سوارەی گەنج

بۆ ئایندە/ پیرمێردی لێوار قەبرەکە

## ١٠

## هێندەی ماندووبوون بەختەوەری

سەلام

گەورەم کاتژمێر نۆ و نیوت باش، من لە نۆ و نیودام، گەرچی زۆریش ماندووبووم، بەڵام لە ئێوارەوە چاوەڕوانی ئەم کاتە دەکەم، بێگومان دەزانیت بۆ؟ بەس هەر پێت دەڵێم نەوەك بیرت نەمابێت، بیرت دێتەوە شەوێك تەنها یەك کاتژمێر کارەبای حکومیمان هەبوو، منیش چاوەڕانی ئەوەم دەکرد، وەك دەزانیت مۆلیدەکە نەماندەتوانی هەموو شتێك داگیرسێنین، جار ناجارێك دەکوژێتەوە و لەگەڵ (مەحمود) لەسەر هەڵدانەوەی سەکتەکە دەیکەینەوە بە بۆڵەبۆڵ، خەتای هیچمان نییە، بەڵام هەردووکمان زوو تووڕە دەبین، لەبەر



ئەوەی کەسی دیکە نییە لێی تووڕەبین، بە یەکتری فێربووین، (هیوادارم ئێستاش بەدیداری ئەو برا شپرزەیەت شاد بیت).

ئێ ... لەوە گەڕێ گەورەم، چاوم بە تاریکی ڕاهاتووە، ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم زۆر ماندووم، بەدیار کۆمپیوتەرەکەوە وەنەوز دەدەم، ئەمڕۆ لەگەڵ برادەرانی زانستگامدا لە گەشت بووین، (هەڵبەت دەزانیت بۆ ماندووم)، کوڕە جوڵاوەکەی جارانت بیردێت؟ سوارەی گەنجت بیر دێت؟ جێگای بە خۆی نەدەگرت، ( ئێستا تۆ پێکەنینت بە چوونمان بۆ سەرچاوەکەی ئەحمەد ئاوا نایەت؟)، گەورەییم، ئەمڕۆ ئێمە چووینە سەیرانگای سەرگەڵوو، لەو باوەڕەدام زۆر لە ئەحمەد ئاوا دەچێت، بیرت ماوە؟ چەند شاخاوی و سەخت بوو، کەوتنەکەمت بیردێت،(دڵنیام ئێستا زەردەخەنە کەوتۆتە سەر لێوەکانت)، بچۆ سەیری ئەلبوومەکەت بکە، پاشماوەی کەوتنەکەم تەنها ئەو وێنەیەی ماوەتەوە، (گەڕانتیەوە بۆ ئەوکاتە؟)، وێنەیەکی گەنجانەی جوانە، شەلالە کورتەکە دەرکەوتووە، لە وێنەکەوە گوێم لە خوڕەی ئاوەکەیە، دەڵێی چەمەکە لەم کەونەدا نییە، ئاسمان دەرنەکەوتووە، بەڵام تیشکێکی خۆرەکە داویەتی لە چەند گەڵایەك، وێنەیەکی گەنجانەیە، لەو باوەڕەدام بە درێژای ژیان پیرێك نەگەیشتووەتە ئەوێ، ئەو گەنجانەی وەکو منیش زۆریان لێی گلاون،

ئەزیزم

وام هێناوەتە بەرچاوی خۆم، ئێستا تۆ بەدیار ئەلبوومەکە و ئەم نامەیەوە، فرمێسك بە چاوەکانتدا هاتبێتە خوارەوە، بمبوورە گەورەم ئەمەم بۆ ئەوە بۆ نەگێڕایتەوە بگریت، بەڵکو من ئیرەی بە تۆ دەبەم، گەشتەکانی تۆم گەلێك لەوانەی خۆم پێ خۆشترە، ئێمەی گەنج کە دەچینە گەشت، ئەوەندە هەڵبەز و دابەز دەکەین، ئێوارە دەڵێی لە کرێکاری گەڕاوینەتەوە، بەڵام سەیرانەکانی پیری وەها نین، رەنگە هەینی پێشوو، لەگەڵ برادەرێکی مۆسیقارتدا چووبێتنە گوێی ئاوێك و ماسی ببرژێنن، چواردەورتان کەسی لێ نەبێت، لە دوورەوە ڕاکە ڕاکی دوومنداڵی خێزانێك ببینن، بەڵام زۆر لێتان دووربن، بەڵێ گەورەم لەگەڵ ماسیدا شەراب گەلێك خۆشە، کە ئەو لە پارچە مۆسیقاکەی بووە وە، تۆش کۆپلە شیعرێکی بۆ بخوێنەرەوە، ( پیریم بەراستی ئیرەیی بە گەشتەکەتان دەبەم)، من کەسم دەست ناکەوێت وەها گەشتێکی لەگەڵدا بکەم، هەموو حەزیان لە ناو مرۆڤەکانە، بێ ئاگا لەوەی ئەو بەهەشتەی خودا باسی دەکات، لە تەنهایی و هێمنیدایە، مرۆڤ گوناهە، چونکە لە پیریدا دەست لە جمووجۆڵ و دەنگە دەنگ هەڵ دەگرێت.

حەزم دەکرد، زۆر زیاترت بۆ بنووسم، کارەباکە بەرە و بڕان دەڕوات و خۆشم زۆر ماندووم، ئەم شەو هێندە بەسە، لە



نامەی داهاتوومدا زیاتر قسە دەکەین، بەزۆر چاوەکانم ڕاگرتووە، خەو یەخەی گرتووم، ماڵئاوا.. تا کارەباکە نەکوژاوەتەوە، با فریاکەوم ئەدرەسەکەت بنووسم، شەوشاد....

گەنجیت

سوارە

بۆ ئایندە/ پیرەمێرد و مۆسیقارەکە - کەنار ئاوە هێمنەکە

١١

## با هەمووومان پێکەوە بژین

سەلام،

ئەم کاتەت باش، من کەمێك بەختەوەرم، سبەینێ ڕۆژنامە دەردەچێت و کارەکانم تەواو کردووە، ئەمڕۆ هەینییە و ئێستا لە بارەگای ڕۆژنامەم، بە تەنهام، هەمووان کارەکانیان تەواو کردووە و ڕۆیشتوون، پێت سەیر نەبێت لە تەنهاییەکی خۆشدام(ئەی ناپرسیت تۆ کەی تەنها نەبوویت؟)، وا ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم و گوێ لە {(قارئة الفنجان) ی عبدالحلیم حافز} دەگرم، بە دڵنیایەوە تۆ زیاتر دەزانیت، بەڵام لە ئێستادا لەو باوەڕەدام، کە نزار قەبانی ئەو شیعرەی بۆ من نووسیوە، ئا واهەست ناکەم لە بارەگای ڕۆژنامەیکبم و نامەیەك بۆ تۆ بنێرم، نا بەڵکو وادەزانم لە بەردەم ژنێکی قاوەگرەوەدا دانیشتووم و سەیری ڕووخسارم دەکات و لە فنجانەکەدا کۆشکێکم پیشاندەدات، کە هەرگیز من ناتوانم دیوار بەندی یەکەمیشی



ببڕم، بەڵام ئەو دڵنیایە کە بەختی من لەوێدا خەوتووە، گەورەیی من جارێکی دیکە نامەی حەوتەم بخوێنەرەوە، دڵنیا دەبیتەوە کە پاڵەوانی ئەو شیعرەی قەبانی منم.

ئەزیزی من، بەڕێزەکەم

با لەوانە گەڕێین، نازانم تەندروسیتیت چۆنە، بەڵام هیواخوازم باش بیت، من خراپ نیم، گەرچی زۆر ماندوو دەبم، لەگەڵ ئەوەشدا مورتاحم، ڕۆژنامەی سبەینێ دوو تەوەری تایادایە، کە لەگەڵ دوو لە هاوڕێیانمدا بەڕێوەی دەبەین، تەوەری زانکۆ و پەرلەمان، تەوەری زانکۆی ئەم ژمارەیە لە سەر ئابووری وڵاتە، نازانم لای ئێوە ئابووری گەیشتۆتە کوێ؟ هەڵبەت زۆر گرنگیتان پێداوە، من باسی ئابووری ئێستای خۆمانت بۆ ناکەم، چونکە سەری لێدەرناکەم، باوەڕیش ناکەم کەس بزانێت ئەمە چ دۆخێکە تێی کەوتووین!، (ئێمە بەوە خۆمان لەو کارەساتە گێل دەکەین، کە دەڵێن هەرێمەکە لە حاڵەتی دوای جەنگدایە، یاخود لە ماوەی گواستنەوەدایە)، جەستەی ماندووم لەوە گەڕێ، ڕەنگە ئێستا ئێوە بە هەموو مرۆڤایەتی یەك سنورتان هەبێت، باوەڕی من وایە، کە زەمین هەمووی یەك ئابووری هەبێت، لە سوودی هەموو لایەکدایە، لە ئێستادا دوانزە لە وڵاتانی ئەوروپا یەك دراویان هەیە، لە یەکێتی ئەوروپادا خەریکە یەك یاسا پەیڕەو دەکرێت، وا دەزانم چارەسەر ئەوەیە هەموو زەمین یەك یاسای

هەبێت، هەموو زەمین یەك دەوڵەت بێت، من لە گەڕەكی خۆمانەوە سەیر دەكەم، پێت وانییە ئەگەر ماڵە دەوڵەمەندەكان رازیبن، ئەمسەر و ئەو سەری گەڕەكەكە بگرین و بیكەین بە یەك ماڵ؟ (دەزانم لە ساماندا ئەوان زەرەر دەكەن، بەڵام بیرت نەچێت زۆر شتی دیكە دەبەنەوە)، ئەوەی نكۆڵی لێناكرێت ئەو سەری ژیان مردنە، لەگەڕەكەكەدا وەستای ئاو و كارەبای تیدایە، دكتۆر و ئەندازیار و كرێكاریشمان هەیە، من نازانم ئەوانی دیكە چ كارەن؟ بەڵام بە تێكڕای لە هیچی وامان كەم نابێت، ئەمەش بەرژەوەندی هەموومانی تیادایە، پیری من خۆ گەر بەس خۆشم بژیم، دەتوام بگوزەرێم، بەڵام بیرت نەچێت من تەنها سەر و كارم لەگەڵ وەرقە و قەڵەمدایە، ئەگەر بچوكترین بەلوعەی ماڵەكەم بشكێت، كابرای وەستا برێك پارەم لێدەسێنێت، كابرای ئەندازیاریش كە منداڵەكەی خوانەكردە تووشی نەخۆشیەكی گران بێت، دەبێت هەموو سەروەتەكەی بخاتە دەستی دكتۆرەكەوە، ئەویش ئەگەر بۆی چارەسەر بكرێت، بەڕیزم ئێستا پێت وانییە، هەموومان لە ماڵێكدا كۆبینەوە باشتر نەبێت؟ ئەگەر هەموو زەمین یەك سنوور كۆی بكاتەوە، جگە لە ئابووری لە زۆر لایەنی دیكەوە سودمەند دەبێت، بەڵام گەر وانەبێت، لەو باوەڕەدام بەرەوە خراپی دەڕوات، بمبوورە من بێ ئاگاشم زانایانی ئابووری چۆن بیردەكەنەوە و پرۆژەیان چیە،



بەڵام لەو تەوەرەی سبەینێدا بەشێكی باسی بێكاری دەكەین، گەورەیم لەو باوەڕەدام وردە وردە زەمین مەنەپۆڵ دەكرێت لە لایەن چەند دەسەڵاتێكەوە، لەبەر ئەوە ئەستەمە هەموو گەڕەكەكەمان لە یەك ماڵدا كۆبینەوە، تەكنەلۆژیا ناهێڵێت زۆر شت بە سروشتی خۆی بڕوات، رۆبۆتەكان كاری زۆر لە مرۆڤەكانیان بۆ دەكرێت، رەنگە لەسەردەمی تۆدا بەڕیوبەری كارگەكانیش ببنە رۆبۆت، دور نییە سێ بەشی مرۆڤ تووشی بێكاری ببێت، تا دێت فەردانییەت دروست دەبێت، ( بمبوورە وەك دەزانیت من دژی تاكگەرایی نیم، بەپێچەوانەوە ڕقم لە گشتە، بەڵام پێم وایە بۆ ئەوەی لە ئەزمەی ئابووری رزگارمان بێت، پێویستە ئەمە بكەین،)، من دوژمنی تەكنەلۆژیا نیم، بەڵام وەكو مرۆڤ تەكنەلۆژیا دژی منە، گەورەم چەندە لە پێشكەوتن دەترسم؟!، چونكە نازانم بەكاری بهێنم.

درەنگی كردووە، بارەگای رۆژنامە، تەنها دەنگی عبدالحلیمی لێوە دێت، ماندووم و دەچمەوە پشویەك دەدەم، بەكارەكانم خۆشحاڵم، هێندەم دەداتێ زەلیل نەبم، بەم نزیكانە نامەیەكی دیكەت بۆ دەنێرم، ماڵئاوا ئەزیزم....

دڵسۆزت/ سوارەی گەنج

بۆ/ پیرەمێردەكە- گەڕەكی یەك ماڵە

١٢

## چارەنووسی دوو تاقیکردنەوە

ئەم کاتەت باش

دوعام سەلامەتیتە، هیوادارم نەمردبیت، نازانم چەند دەبێت، نامەم بۆ نەناردوویت، دەزانم وەعدەکەم بەسەر نەبرد، دەبوو هەر زوو ئەم نامەیەم بۆ بناردیتایە، بەڵام ئەگەر بیرت بێت، ئەم کاتەی تیایی دەژین، هەموو شتێك وەکو مردن وایە، هیچ شتێك بە دەست خۆمان نییە، زۆر لە شتەکان لە پڕ دێن، من بێئاگابووم، ئەوەندەم زانی بەرو کۆتایی دەچم، زیاتر لە مانگێك دەبێت سەرقاڵی تاقیکردنەوەی زانستگام، (تۆ دەزانیت ئەرێ دەرچووم؟)، نازانم زەمەن چۆن دەڕوات، ئەوەندەم زانی ساڵ تەواوبوو، تاقیکردنەوەکان لە هەر شت ناخۆشتربوون، لە



راستیشدا وەهایە، تاقیکردنەوە لە هەموو شتێك ئەستەمترە، رەنگە تۆ تا گەیشتبێتیتە ئەو تەمەنەت چەندان تاقیکردنەوەت کردبێت، دەزانم واخەریکە دواین تاقیکردنەوەشت کۆتایی دێت، کە ژیانە، من ئێستا لە سەرەتای ئەو تاقیکردنەوەیەدام و تۆ لە کۆتایدایت، پیرەمێردێکی ڕیش سپیت و بە گۆچانێکەوە وا دەگەیتە کۆتای شەقامەکە، گەورەییم ئاوڕێك بدەرەوە بزانە چیت تێپەڕاندووە؟ تۆ وا دەگەیتە بازگەکە، ئەزموونی تێپەڕینی ئەم شەقامەت ئەو دیوی بازگەکەت بۆ دیاری دەکات، وابزانم تاقیکردنەوەیەکی گەلێك گرانە، وادەزانم هۆکارەکەشی ئەوەیە هیچ کەسێك لەم پرۆگرامەدا مامۆستا نییە، هەمووان خوێندکارین، بەڵام وا دەزانم رەقیب هەیە، ئەمەش لە هەموو شتێك ناخۆشترە، گەرچی زەرووریشە.

ئێستا لە سەرەمەرگی بەهارداین، کەمتر لە هەفتەیەکی دیکە دەچینە هاوینەوە، دونیا گەلێك گەرمە، بە رێژەیەك سەرماکەی زستانم بیر دەهێنێتەوە، ئەزانی کام سەرمایە دەڵێم؟ ئەو سەرمایەی لە نامەی چوارەمدا بۆم باسکردی، ئەوکات لە زستاندابووم، باشم بیرە ئەو کاتەش هەر تاقیکردنەوەم هەبوو، بەڵام ئەوەیان ئەوندە گرنگ نەبوو، لەبەرئەوەی ئەمەیان هی کۆتای ساڵە و چارەنووسی پێوە

بەستراوەتەوە، وەك خۆت دەزانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شتاندا کە چارەنووسسازن، چەند ئاڵۆزە و چەند قەڵەقت دەکات، (هەرچۆن ئێستا تۆ تەماشای مردن دەکەیت)، سوارەی ڕیش سپی، تاقیکردنەوەکان بەشێکن لە چارەنووس، چارەنووسیش منداڵێکی بیژی سروشتە، لەبەر ئەوە ئەگەر لەسەر باوەڕی قەدەریت لە هیچ شتێك مەترسە و سڵمەکەرەوە،

بەڕێزم سوارەی پیر بە کوفر لێمی وەرمەگرە و بە تاوانێکی گەورەی مەزانە، داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر لەمەدا خۆم بەراستتر بزانم، بە کوفری تەشەبوز مەیبینە(دەزانم گەر لەو پەڕی بێباوەڕیشدا بیت، هەر بەترسەوە مامەڵە لەگەڵ کوفر و حەرامەکاندا دەکەیت ) و تۆی بە تەمەن و بە ئەزمون ئەم قسەیە لە منی کەم تەمەن و کەم ئەزموون وەربگرە، تۆ ئێستا لە دەورەو تەسلیمی دواین تاقیکردنەوەدای، گەرچی ژیان یارییەکی بێماناشە، بەڵام بە تاقیکردنەوەیەکیش دەچێت، کە رەقیبەکەی پێناچێت تەنانەت وەهمیش بێت، ئەوەی من دەمەوێت ئەوەیە، کە لەو باوەڕەدام هەمیشە پیرەکان یاریەکەمان پێ دەدەنە دۆڕاندن، ئێوەن کە لە دواین خولەکدا تۆپەکەتان لێ دەبێتە ئاگر و نازانن چی لێبکەن، دەزانم



قەسەکانم ڕەقە هەر چۆن بە شێك لە کاڵفای و گێلێتیشی تیادایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەئن.

گەورەیم

چاوەڕوانی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانم هەر چۆن تۆش چاوەڕوانی بڕیاری دادوەری، تاکو کۆتایی یاریەکە ئاشکرا بکات، لێت ناشرمەوە منیش وەکو تۆ دەترسم، لەبەر ئەوەی نازانم چۆنە و چارەنووسی ساڵێکیشمە، بەڵام کە بیر لە تۆدەکەمە چاوەڕوانی ئەنجامی هەموو تەمەنت وەربگریت، کەمێك سەبووریم دێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم دەگەمە کۆێ، ئێستا هیچ نالێم دەربارەی ئەنجامەکەی، با وەری بگرمەوە، ئەوکات نامەیەکی تایبەتت بۆ دەنێرم.

ماڵئاوا ئازیزم، ماڵئاوا... بە نیازی سەلامەتیت

لەگەڵ ڕێزدا

سوارەی لاو

بۆ / پیرەمێردەکە - کۆتایی شەقامەکە

١٣

## پێناچێت حیکایەتەکە ئەنجامێکی هەبێت

کاتژمێر دوو و نیوی شەوە، زۆر نابێت لە خوێندنەوەی ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەلاڵە)ی عەتا نەهایی بوومەتەوە، لە ڕاستیدا چاوەڕوانی ئەو ئەنجامەم نەدەکرد، کە هەلاڵە پێی گەیشت، ئەمەش شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە، نووسەر ئەگەر لە سەرەتاوە ئەنجامەکەت بۆ ئاشکرا بکات، ئەوا کارێکی ئەدەبی سەرکەوتوی نەکردووە، مەبەستی نیە هونەرێکی بەرز پیشان بدات، بەڵکو ئامانجی گێڕانەوەی حیکایەتە، گەورەیم ئەنجامی ئێستای من، تۆی، کە پاش پەنجا ساڵی دیکە دێیت، وادەزانم ژیانی من و تۆ لەو ڕۆمانانە دەچێت، کە ڕۆمانووس زیاتر لە سێ بەشی حیکایەتەکە بۆ خوێنەر بە جێدەهێڵێت، من سەرەتای پاڵەوانەکەم و تۆ کۆتایەکەی دەبیت، بەڵام وای



بۆ دەچم بە هەردووکمانەوە نەتوانین زۆر شت بڵێین، هەرچەند سەیری حیکایەتەکە دەکەم، تا کۆتایەکەی ئاوا تەمومژاوی دەڕوات، تۆ وەکو ئەنجامی پاڵەوانی ڕۆمانووسێکی کەمدوو دەبینم، کە نووسەرەکەی تاقەتی نییە زۆرشت بڵێت نەوەك نەتوانێت، ڕۆمانووسێکی ڕەشبین، کە تەمومژ و ئاڵۆزی تاکۆتا فەزای ڕۆمانەکە دەگرێتەوە، گەورەییم نازانم ئێستا تۆ بە چی گەیشتووی، سوارەی گەنج هەر سوارەی پیری لێدەردەچێت، گرنگ نییە ئەنجامەکەم خراپ بێت، گرنگ ئەوەیە، ئەنجامێکم هەبێت، کارەسات ئەوە نیە مرۆڤ ئەنجامی خراپی هەبێت، کارەسات ئەوەیە هەر ئەنجامی نەبێت، لەوە ناخۆشتر نییە، نەگەیت بە شتێك، جا هەر چیەك بێت، باش یان خراپ، نازانم تۆ چۆنی دەبینی، بەڵام من لەو باوەڕەدام لەسەرەتاوە مرۆڤ ئەنجامی خراپ زیاتر لە بەرژەوەندیەتی، کەوتنی بچوك لە کەوتنی گەورە دەتپارێزێ، خەمخواردن و بێ تاقەتبوون بۆ شکستە بچوکەکان وا دەکات شکستە گەورەکان ئەو ترسەیان نەمێنێت، ئەزیزم وا دەزانم تۆ تاکو ئەو تەمەنەت زۆر شکستت توش بووە، ئەو ڕێگایەی من گرتوومە و تۆی پیا دەڕۆی زۆر دەتگلێنێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە، هەستانەوەکەت کەوتنەکەت لە بیر نەباتەوە، ئەزیزم ئەم تاوانەم لە بیر بکە، کە پێت بڵێم ئەم ئامۆژگاریە لە من

وەربگرە، (هەستانەوەکانت بیربچێتەوە ئاساییە بەڵام کەوتنەکان نا).

ئەنجامی من

ئەم نامەیەم کە دەربارەی ئەنجامە، بە هۆی ئەنجامی زانستگامەوە بۆت نووسی، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لە تۆم کردبوو، (تۆ دەزانیت، ئەرێ دەرچووم؟)، بەڵام شکستی بچوك وا دەکات چاوەڕوانی شکستی گەورە بکەین، لە کاتێکدا من هەستانەوەشم لەپێشە و لە ئێستادا چاوەڕوانی خولی دووەمی تاقیکردنەوەکان دەکەم، بەڵام بەختەوەرم کە پاساوێکم پێیە بۆ ئەم کەوتنەم، زۆر لە هاوپۆلەکانم هیچ لە ئارادا نییە و ئەنجامیان لە من خراپترە، بەڵام وا دەزانم چاکت بیر ماوە، کە من لەم تەمەنەی ئێستامدا، چەندە پەرش و بڵاوم، تاوانی خۆشم نییە، بۆ ئەوەی بژیم دەبێت ئەوە بکەم، من لە زانستگا ئابووری دەخوێنم، لە ڕۆژنامە راپۆرتی سیاسی دەکەم، بۆ خۆشم کەیفم بە ئەدەبیات دێت، لەبەر ئەمەیە، تۆی پیریم لە تاریکیەوە دەبینم، گەورەییم لێم ببوورە، ئەم پەرش و بڵاویەی ئێستام وێنەیەکی تۆم پیشان دەدات، کە باوەڕم پێبکە دڵم بۆ خۆم پڕبووە، حەز دەکەم بۆ خۆم بگریم، وای دەبینم ئێستا تۆ پیرەمێردێکی پەکەوتەیت و لە ڕۆژێکدا بیست و چوار کاتژمێر سەرخۆشیت و لە پەنای دیواری مەیخانەیەکدا



بێ هۆش باران تەڕت دەکات، یاخود بەهارێکی سەوزە و لە پەنای محاجەرەکەی باخی گشتیدا خەوت لێکەوتووە، (بیری باخی گشتی ناکەیت؟)، (بەڕێزم بۆ دەستکەوتنی پارەی خواردنەوە تەنەزوولت بۆ زۆر کەس کردووە، کە زەمەن کردوونی بە پیاو؟)، داوای لێبووردن دەکەم گەورەم، ئەم بیرکردنەوەیەم تاوانی عەقڵم نییە، تاوانی حەقیقەتە، من بەم شێوەیە ئەم یارییە بکەم هەر ئەم ئەنجامەم دەبێت، ئەوکات کە مردن بە پەنامدا تێپەڕی، خۆم لە قاچەکانی دەئاڵێنم و ناهێڵم بڕوات، تاکو لەگەڵ خۆیدا دەمبات.

سوارە گیان

ئەنجامەکان تا ئەبەد تەواو نابن، نامەکەی من ناتوانێت، هەموو شتێك بڵێت، ئەوەندە هەیە، ئەوەی دێت ئەنجامە، ژیان کتێبێکی گەورەیە دەربارەی ئەنجامەکان، کە دوایین پەڕەی تایبەتە بە دوایین مرۆڤ، کە ئەم سەر زەویە بە جێدەهێڵێ، لەبەر ئەوە ئەم نامەیە، جگە لە دەقێکی ئەدەبی هیچ شتێکی دیکە نییە،

بەڕێزم, دواشتم ئەوەیە، کە دەمەوێت پێت بڵێم، بۆچی لەسەرەتای ئەم نامەیەوە لە دەنگوباستم نەپرسی، نا وامەڵێ کە من دەربەستی تۆ نیم، بەڵکو لەبەر ئەوەی هیچ وەڵامێکم لە تۆوە دەست ناکەوێت، نازانم قسەکانم دەگات یان نا، ئەمەش

وا دەکات هەموو سەلام و ئەحواڵ پرسینەکان، بچێتە شێوەی دوعاوە، وا دەزانم کە لە مزگەوتێ دابنیشم لەسەر بەرماڵ دوعات بۆ بکەم باشتر بێت، لەبەر ئەوە پێناچێت، لە تەواوی نامەکانی داهاتوودا لە هەواڵت بپرسم، دوای ئەوەش هەواڵ پرسینی من هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، ئەوەی بۆت دانرابێت، ڕوو دەدات، من توانای گۆڕینی ئاڕاستەکانم نییە.
ئەزیزم چاوەڕوانبە نامەکان ماون.

لە گەنجە پەرش و بڵاوەکەوە

بۆ/ گوزەری عارەق خۆرەکان
پیرەمێردە بێکەسەکەی سەر شۆستەکەی باخی گشتی



١٤

## نامەیەك بۆ عەدەن

بمبوورە ئەم جارە نامەکەم زۆر حەزینە، ئەگەر نەمردبیت، دوور نییە ترس بتهێنێتە گریان، بەڵام درەنگ بووە و ڕەنگە کاتی مردنت هاتبێت، بۆ کە سێك مەگەڕێ گەیشتبێت بە نەمری، کەسێك نییە نەمردبێت تاکو تۆ بژیت، ژیان لە هۆڵی سینەمایەك دەچێت، پێش تەواوبوونی فیلمەکە دانە دانە دەمانکەنە دەرەوە.
گەورەیم، ئەگەر لە سەیوان نێژرابێتیت، ئەوا ئێستا لەوێوە سەیری جموجۆڵی سلێمان دەکەیت، من دەیهێنمە پیش چاوی خۆم، لە ژێر ئەو گڵەوە لە ژیان ورد دەبمەوە، وەکو ئەوەی لە دونیادا نەمتوانیبێت، ئاوا بە وردی سەیری ژیان بکەم، دەزانم

ئێستا تامەزرۆی بۆ گەڕانەوەی تەنها خولەکێکیش، لە دونیادا سەدان شتت بیر چووە، کە بیکەیت، خولەکێك بۆ تۆ زۆر زۆرە، کە دەتوانیت بە دەربڕینی چەند وشەیەك، بۆچوونی خەڵکی سەردەمی دوای خۆت بەرانبەرت بگۆڕیت، بەڵام من وا زۆر بێبایەخانە، نەك هەر خولەك، بگرە دەربەستی کاتژمێر و ڕۆژ و تەنانەت مانگ و ساڵیش نایەم و زۆر بێباکانە تێیان دەپەڕێنم، نازانم دەتەوێت لە دوای مردنتەوە چی بە خەڵك بڵێیت، ئەگینا ئێستا من نەك جارێ سەد جار دەمگوت.

ئەزیزم دڵنیام هێشتا مەنزڵی گۆڕت بە جێنەهێشتوە، ڕەنگە ئێستا(نکیر)و(منکر) ئەملاو ئەولایان لێگرتبیت و بە پرسیارکردن هەراسانیان کردبێتیت، دووریش نییە هێشتا گڵی گۆڕەکەت وشکنەبووبێتەوە و کەسانێك بەسەر کێل و بەردەکەدا فرمێسکت بۆ بڕێژن(بمبوورە، کێ دەڵێ کەسێك هەیە بۆ تۆ بگری!)، ڕەنگە دوێنێ ئێوارە مردبێتیت و ئێستا باڵت بە دەست دوو فریشتەوە بێت و بەرزت بکەنەوە، خودا هێشتا پەلەی نییە دوو نوێنەری خۆی بنێرێت بۆ حەق و حیسابکردن لەگەڵتدا، تا حەوت ڕۆژی دیکەش هەموو شەوێك (نکیر)و(منکر) دێن و پرسیارەکانت لێدەکەنەوە، ئەو پرسیارانەن کە ئایندەی تۆ دیاری دەکەن، خانوویەکت لە (عەدەن) بۆ دەکرن، یاخود لە (زەلازیل) بە خۆڵەمێش



دەتشۆنەوە، ئەو پرسیارانەن کە تۆ دەبەنە بن سێبەری دارێك لە (فیردۆس)، یاخود کارێکت لە (وەیل) پێ دەسپێرن، گەورەییم دەبینی چ بێماناییەکی گەورەیە(ڕەنگە لەترسی ئەم قسەیەم ئێستا موچوڕك بەلەشتا بێت)، پەڕینەوە لە ژیانەوە بۆ خەیاڵاتی بەرزەخ لە شانۆگەرییەك دەچێت، دەرهێنەرەکەی بینەر بە گێل و گەمژە تێگەیشتبێت،

بەڕێزەکەم، سوارەی مردوو

تۆ ئەزانی بەرزەخ خۆشە یان نا، تۆ ئەزانی هەموو ئەوانەی سەبارەت بە ناو گۆڕ بە گوێی ئێمەدا دەیچرپێنن، ڕاستن یان نا، خۆزگە تەنها لە یەك خولەكدا وەڵامی کۆمەڵێ پرسیارم لێ وەردەگرتیت، بە دڵنیاییەوە هەموو سەر زەمین چاوەڕوانی تورسکەیەکن، لەوزانیاریانە، بەڵام ئەوەتا لای تۆ هەیە و ئێمەش تاریکە سەڵاتین لەبەرانبەریدا، کەسێك نییە بۆ خولەکێك بگەڕێتەوە، تاکو هەموو مرۆڤایەتی تا ئەبەد لە قەلەقی ڕزگاربکات، (دەبینی ئەم یاریەش چ بێماناییەکی گەورەی تیادایە؟)،

لاشەی بێ ڕووحم

ئەگەر خورافاتەکان ڕاستبێت، ئەوا ئێستا هەردووکمان لە چاوەڕوانیدا دەگوزەرێین، من چاوەڕوانی مردن و تۆ چاوەڕوانی زیندووبوونەوە دەکەیت، دڵنیانم تۆش هەر

نازانیت قیامەت کەی دێت، دووریش نییە عەزابی ئەو چاوەڕوانییەت بەشێك بێت لە دۆزەخەکەت، نا چاوەڕوانی بەهەشت مەکە، ئەو نرخەی لەسەر بەهەشت دانراوە بە من هەڵناسوڕێت، دوای ئەوە من لەم دونیا لە سەر نەهامەتی ڕاهاتووم، جەهەنم جێگایەکی نامۆ نییە و نەمدیبێت، چاوەڕوانی قیامەت بکە، رەنگە جەهەنمی ئەوێ زۆر لە بەهەشتی ئێرە خۆشتر بێت، ئەوکات کە قیامەت هات و گۆڕەکەت شەق بوو، بێگوومان کە هاتیتە دەرەوە، وەك ملیارەها مرۆڤ پاڵ بە کێلەکەتەوە دەدەیت و چاوەڕوانی فریشتەکەت دەکەیت، تاکو پەیامێکت بۆ بهێنێت، بمبوورە رەنگە تامی ئاگر لە میوەکانی فیردەوس شیرینتر بێت، ئەگەر وەکو ئەوە بێت کە باسی دەکەن، من دڵنیام بەهەشت بۆ ئاگرپەرستێك جەهەنمە، هەرچۆن بۆ کابرایەکی داوێن پیس بەهەشت دەبێت مەلهایەکی گەورە بێت، لێگەڕێ کوێت بەرکەوت بۆی بچۆ، کەس نازانێت کوێ بەهەشتە، بەڵام وای بۆ ئەچم  ئەو پەیامەی کە بۆ تۆ دێت، پەڕەیەکی سپیە بەڵام تۆ بەدەستی چەپ وەریدەگریت، رەنگە نەخشەی شارێکیان بۆ کێشابیت، پڕبێت لە(مامۆستا و مەلا و سیاسەتمەدار و سەرکردە).



گیانی مردووم، دەمەوێت دواجار ئەوەت پێبڵێم، کە تێگەیشتنەکان لە مردن و ژیان هیی خۆمان نین، بەڵام لەبەر تاریکی ئاسۆکە دەبن بە بۆچوونی هەمووومان، دەنا من لەو باوەڕەدام، سەفەری ڕووح بازنەی بێت، دوای دەرچوون لەم ژیانە بچینە چەند ویستگەیەکی دیکەو جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر زەوی، لەو باوەڕەدام هەریەکەمان چەند جارێك هاتبینە سەر زەوی، بەڵام بیرمان چووەتەوە و خۆمان بیر ناکەوێتەوە، رەنگە مێژوویەکیشمان بۆ خۆمان درووستکردبێت، ئێستا نەزانین ئێمەین، شتێکی سەیرە ئەگەر وا بیر بکەینەوە، کە ناکۆتا ڕووح هەیە، ئەبێت ژمارەی ڕووح (موحەدەد)نەگۆڕبێت، هەست ئەکەم گەمژیی بێت ئەگەر وا بیر بکەمەوە، کارگەیەك هەیە بۆ بەرهەم هێنانی ڕووح.
بمبوورە گەورەم، ئەمە ژیان نییە پیرەکان بە ئەزموونتربن، ئەمە مردنە من و تۆ هێندەی یەکتری ئەزموونمان هەیە.

سوارە لە ژیانەوە

بە باخەکانی فیردەوسدا

بۆ/ جەهەنم - زیلزال

١٥

# ئافرەتێك لە تەلا

هاوینە و لە پایز دەچێت، باکەی کەمێك نەرمە، لەو جۆرە بایانەیە، ئەگەر لە پایزدا هەڵئەکەن، لە هەموو وەرزەکانی دیکەدا غەریبن، هێشتا بیست و دوو رۆژمان ماوە هاوێن لە گۆڕنێین، بەلاّم یەکەمین دەستەی گەلاّ زەردەکان کەوتنە خوارەوە، حەزدەکەم بچمە دەرەوە، بەلاّم چەند رۆژێکە لائیرادی بیر لە تۆ دەکەمەوە، لە لایەکی دیکەوە بیری دایکم دەکەم، نازانم بۆچی؟ وەلێ ئەوەندە دەزانم، کە هەرچی جارێك کێشەیەکم تووش بێت، دەکەومە غووربەتی دایکمەوە، لەبەر ئەوە نووسینی ئەم نامەیەم لە چێژی چوونە دەرەوە پێ گرنگتربوو.



سپیکەری کۆمیوتەرەکە، دەنگی ناسڕی ڕەزازی دەردەکات، کە دەڵێت (هیلاکی ڕەنجێکم، کە ڕەنجی من نییە، دانیشتووی خاکێکم کە خاکی من نییە)، گەورەییم، نازانم ئەم شیعرەی ئەحمەدی شاملۆت بیرماوە یان نا؟ ئێستاش وەکو جاران تووشی ڕامان و وەستانت دەکات؟ گەورەم خۆزگە دەمزانی ئەم شیعرە بۆچی ئەوەندە دەمخاتە بیری دایکمەوە، بەیانی لەو کاتەوە، کە ویستم نامەیەکت دەربارەی دایکم بۆ بنووسم، ئەم گۆرانییەم هەڵبژارد، کە تا نامەکە تەواو دەکەم، هەر دووبارە بێتەوەوە، هەرچی جارێك ئەم شیعرە دەخوێنمە، یان ناسڕ بە گۆرانی بە گوێمدا دەدات، یەکسەر دەکەومە هەوڵدان بۆ دروستکردنی وێنەیەکی دایکم، خودایە خەیاڵ بەو فراوانییەوە وێنەیەکم ناداتێ لەو ژنە بچێت، پیرە گیان دەزانم هێشتا نەگەیشتوویت بە وێنەی ئەو ئافرەتەی کە دەڵێن دایکمانە، جگە لە وێنە ڕەش و سپیەکەی سەر ڕەگەزنامەکەی هیچ ئاسەوارێك لە ڕووخساری نادۆزمەوە، گەورەیم هەندێ جار دەکەومە سەر ئەو باوەڕەی ڕەگەزنامەکەی لە دەستنێم و بە شەقامەکاندا بەراوردی بکەم، بە هەموو ئەو ئافرەتانەی نزیکی چل ساڵن، سەیرە ئەو وێنەیە لە هەموو ئافرەتەکانی ئەم شارە دەچێت، کەچی کەسیشیان نییە، هەرچەند ورد دەبمەوە، ناگەمە تروسکاییەك، کە یادگاری جارێك لە

جارەکانیم بیر بکەوێتەوە، من چی لە پۆرترێتێك بکەم، نە پێدەکەنێ نەدەگری، نە قسە دەکات، نە تووڕەدەبێت، نە کەمێك سۆزم دەداتێ، نە نەسیحەتێکم دەکات، بەڕێزەکەم، وابزانم من و تۆ دایکمان بەس بە وێنە هەبووە، بەمەش لە شتێك بێ بەش بووین، کە هەموو دونیا هەیەتی من و تۆ نەبێت، دەزانم تا ئەبەدیش نامبێت(ئەزانی کەس بە بێ دایك درووست نەبووە).

(زادەی لەزەتێکم، لەزەتی من نییە، بە مەرگێکیش دەمرم، کە مەرگی من نییە)، پیری من ئەگەر بیرت مابێت ئەمە ئەو دێڕەیە، کە تەواو تینی بۆ دەهێنام، بۆ دۆزینەوەی یادگاریەکی دایکم، بەڵام بە داخەوە تاکوئێستا کە تەمەنم (٢٢) ساڵە هەموو کونجەکانی زەینم پشکنیوە و تەنانەت تاکێك لە پێڵاوەکەشیم نەبینییەوە، ئێستا دەڵێم لە گەڕان بێ هیوا نابم، بەڵام پێ دەچێت کۆڵت دابێت و ڕاکردن بە دوای وەهمدا هیلاکی کردبێتیت، هاوکات وابزانم ئەوە گەورەترین دەرس بوو، کە دایکم دوای خۆی بۆی بەجێهێشتبین، راستە بێ ئەوەی بڵێت ئەم منداڵە ساوایە بە بێ دایك بە کوێ دەگات؟!، بە بێ تەنها دەرکەوتنێك ڕۆیشت، راستە ڕۆیشت و سۆزێکی نەداینێ، تەمێیەکی خێری نەکردین، ڕۆیشت بەرلەوەی پێم بڵێت (کوڕم ئەوە عەیبە)، پارەیەکی نەدامێ مەساسەیەکی پێ



بکڕم، نەگریام و ژیری نەکردمەوە، سەرمی نەنا بەسنگیەوە، تا هەناسە لە کراسەکەی ئەوەوە هەڵبمژم(دڵنیام تا ئێستاش نازانیت، بۆنی بەرۆکی دایك چۆنە، وای بۆ دەچم خۆشترین بۆنی دونیا بێت)، دایکم جگە لە ونبوون هیچ شتێکی دیکەی نەکرد، بەڵام ونبوونی هەموو شتێکی پێ دۆزیمەوە، بە ڕێگایەکی نەهامەتیدا بردمی، بەڵام فێری کردم، کە بەتەنها خۆم ئەتوانم بگەمە کۆتایی، فێری کردم کە دەتوانم بە بێ هەموو مرۆڤێك بژیم، ئێستا دان بەوەدا دەنێم، ئەگەر مرۆڤێك بتوانێت بە بێ دایك بژی، دەتوانێت بەبێ بوونی مرۆڤیش بژی، ئەوە شارەکان نییە، ئاوەدانی دروست دەکەن، ئەوە دایك وا دەکات، مرۆڤ غەریب نەبێت.

گیانی ماندووم

تا ئێستاش وەفات بەرانبەر خوشك و براکانت ماوە؟ دەزانی من ئەو زەرنەقووتەیەبووم، کە ئەوان نەیان هێشت، بەر لەوەی پەڕ دەرکەم بمرم و خۆیان کرد بە قوربانی ئەوەی منیش بگەم بەو ئاستەی ئەوان، ئەوان بە ماندووبوون، باجی تاوانێکیاندا، کە رەنگە من نەمکردبێت، بەڵام لە پێناوی مندا کردیان، جگە لەوەش ئەوان زۆرترین یادگاری ئافرەتێکیان بۆ گێڕامەوە، کە دایکیانە و دەڵێن دایکی منیشە، نازانم قسەکانیان تا چەند راستە؟ بەڵام بەو وەسفەی ئەواندا من نام

لێناوە (ئافرەتێك لە تەلا)، گەورەییم، نازانم لەبەر ئەوەی مردوە، تەنها شتە باشەکانی باس دەکەن؟ یاخود هەر خۆی مرۆڤێکی گەورەبووە، نزیکە تێك بچم، بیست ساڵە خاڵێکی ناشیرینیم نەبیستوە، ئاخر بۆ من بێ بەش بم لەم مرۆڤە گەورەیە؟

پیرە پیاو

بەبیرتی دێنمەوە، ئەگەر بەم نزیکانە مردی، لەو دونیا یەکەمین شت، بە دوای دایکتا بگەڕێ، خودا پێی وتم لە بەهەشتە، وتی فیردەوسم کردۆتە ژێر پێیەوە، یەکەمین شت دەستی ماچ بکە، چونکە وای بۆ دەچم من تاوانبارم بە مردنی، لە نامەیەکی ئایندەدا ئەو تاوانەت لەگەڵدا باس دەکەمەوە، هیوادارم ئێستا بە دیار نامەکەوە نەگریت ...

هاودەردت

سوارە

بۆ/ کۆلانی غوربەت - پیرەمێردە بێ دایکەکە

**سەرنج:** پیرە گیان وەك بۆم باسکردی زۆرم هەوڵدا بە دوای وەسیلەیەکدا بگەڕێم، تا تروسکەیەك لە رووخساری ئەو ژنەم بداتێ کە دایکمە، دواجار گەیشتمە ئەو رێگا رووحیەی کە



ڕەنگە بەهۆی مۆمی هەنگوینییەوە بتوانم لە خەوما بیبینم، بۆیە دوای دەستکەوتنی مۆمەکە شەوێکی درەنگ بە هەموو رێنمایەکانەوە دەستمکرد بەو پرۆسەیەی کە دواین وەرەقەی هیوابوو رایکێشم، ئەم هەنگاوانەم هەموو ئەنجامدا کە پێویستبوو, بریتی بوو لە (مۆمێك داگیرسێنە، لەڕێکی سەرت هەنگاوێکی ئاسای لە دوری خۆت دایبنێ، بە مەرجێك بتوانیت فکرت ساف بکەیت و بە هیچ جۆرێ ڕوناکی بێجگە لە مۆمەکە لە جێگەکەت و ژورەکەت نەبێت، مۆمەکە لەسەر شوشە و شتی کانزای دانانرێت، شتێك کە تیشك نەداتەوە یان پارچە قوماشی ڕەش. وردە وردە بە دیاری مۆمەکەوە دانیشە و سەیری ئاگری مۆمەکە بکەو بیر لە هیچ شتێکی تر مەکەرەوە، بیرت لە هیچ جێگەیەکی تر نەبێت تەنها لای ئەو کەسەی کە دەتەوێت بیبینیت , فکرت لەگەڵی جوت دەکەیت ئیتر گرنگ نییە جێگاکەی بزانیت یان نا پاش ئەوەی مۆمەکە تەواو دەبێت لەگەڵ کوژانەوەیدا چاوت بنوقێنە و لەسەر جێگاکەت بخەوە لە خەوتدا ئەو کەسە دەبینیت و هەستی دڵێت بۆ ئاشکرا دەبێت)

پیری من ئەم وەرقەیشم ئیفلیج بوو، لێرەیا دەرفەت نییە، ئەگەر دەرفەتێکم بۆ هەڵکەت، پەیوەندیت پێوە بکەم، یان نامەی دیکەت بۆ بنێرم، بە تەواوی ئەم مەسەلەی مۆمی

هەنگوینییەت بۆ روون ئەکەمەوە، وەلێ ئەگەر نەش گونجا خۆت بیری لێبکەرەوە، تەنها مەسەلەی رووحمان بەدەستەوە ماوە بۆ شادبوونەوە بە دیداری دایە(دەزانی ئەمە یەکەم جارە ئەو وشەیە بەکاربێنم)



١٦

## زەمینێك لە غوربەت

کات لە نیوە شەو نزیك دەبێتەوە و من دەست دەکەم بە نووسینی نامەیەکی تر، هەرچەند تا ئیستاش بە گومانم بگەنە دەستت، بەڵام وێنەی ئەوە دروست دەکەم، کە تۆ ئێستا لە کۆتای تەمەندایت و رەنگە لەبەر دەم کتێبخانەکەت، کتێبی (ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیانێرم) دەربهێنیت و بۆ چەند ساتێك بگەڕێیتەوە، بۆسەرەتای ئەدەبیاتت، (ئەرێ هەر لە نووسین بەردەووام بوویت؟) دوور نییە ئێستا وەکو ئەدیبێك مامەڵە بکەیت، کە ئیرەیی بە ئەدەبیاتی کەسانی تری سەردەمی خۆت بەریت، بمبووره پیره گیان گەورەییە، ئەگەر دان بە کەسانی دیکدا بنێیت، (خۆزگە دەمزانی ئێستا

سەرقاڵی نووسینەوەی یادەوەرییەکانتی یاخود ئەدەبی ئیرەیی دەنووسیت؟)

جەستەی شەکەتم، رەنگە ئێستا نەتوانیت، دوو شەقام بە پێ ببڕیت، بەڵام ئەمڕۆ زۆری کاتەکەم بە پیاسە بەسەر برد، بمبوورە نەك لەبەر ئەوەی حەزم لێبوو، بەڵکو نەمدەتوانی لە خوێندنەوە بەردەوام بم، وردە وردە وا هەستەکەم ڕوحیەتی ئەدەبیات لە جەستەمدا نامێنێت و سوارەی ئەدیب دەمرێت، چونکە توانای خوێندنەوەم نەماوە، تا دێت نەخۆسی لاوازترم دەکات، سەر ئێشەکەم تەواو تینی بۆ هێناوم، دەچمە بەردەم کتێبخانە بچکۆلەکەم و نازانم چ کتێبێك دەربکەم، تاکو نیوە شەو چەند کتێبێك دەگۆڕم، پێشەکی یەکێکیان دەخوێنمەوە و دەچم لەبەشەکانی ناوەراستی ڕۆمانێکی و وەرگێراوەوە دەست پێدەکەم، دواتر بۆ ئەوەی سەر ئێشە چۆکم پێ نەدات، نامیلکەیەکی شیعری بچوك دەر دەهێنم و ئەویش هەر یەك دوو شیعرێکم بۆ دەخوێندرێتەوە، بەرێزەکەم ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات، ناچارم دەست لە نووسین هەڵگرم و کارێکی تر بدۆزمەوە، دوور نییە بچم ڕاوێی ئاو بدوورم، یاخود لە سیکرابخانە قەڕوێڵە شکاو چاکبکەمەوە، بەڵام خۆم زیاترین کاسبی حەزم لە کتێبفرۆشیە.



ئەم بەیانییە بەر لەوەی بێمە دەرەوە، چەند کتێبێکم دەرهێناو دەرەقەتی هیچیان نەهاتم، سەرەتا چەند دانەیەکم لە نامەکانی (چیخۆف و کنیپەر) خوێندەوە و ئینجا ڕۆمانی (بارۆنی سەردارەکان)ی(ئیتالۆ کالڤینۆ)م دەرکرد، ئەویش هەر بێ سودبوو، بەڵام بەر لەوەی وەڕسبم وەبیرم کەوتەوە، ئەمڕۆ دواین ڕۆژی هاوینە، لە کتێبە شیعریەکاندا لە غوربەتاکەی (حەمە عومەر عوسمان)م دەرکرد و چێژێکی زۆری پێدام، تاکو گەیشتمە سەر شیعری (نامەیەکی پایزی)، دیسان کەوتمە ناهەمواریيەوە و بیرکردنەوەم چووە لای خانمی حیجاب، ناچار دەستم هەڵگرت و بە باشترم زانی پیاسەیەکی شار بکەم.

نازانم لەم شارە ماویت یاخود ڕۆیشتوویت، زۆرم پێخۆشە بەجێت نەهێشتبێت، نزیکە لەوەی ببێتە شاری خۆم، حەڤدە ساڵە ئاوارەم و بۆ چرکەیەك دڵم بۆ بەجێهێشتنی لێی نەداوە، لە ئێستاوە وەڕسی ئەوەم کە دەبێت، بۆ هەندێ کاری ڕەگەز نامە سبەینێ بچمەوە شارە نەوتییەکەم، سەفەر بەم ڕێگە ناخۆشاندا جاڕسم دەکات، گەرچی زۆرم خۆشدەوێت، بەڵام نامەوێت ئاوا بە زەلیلی ئەو شارە هەتیەوەم بناسم، نا من ناڵێم ڕقم لێیەتی، بەڵام بەزەیم بە بەردوخۆڵەکەشی دێتەوە، ئەمەش وایکردووە، غوربەت واتای خۆی لە دەست بدات.

**ڕیش سپیەکەم**

دەزانم سبەینێ پایز دێت، شار سیمای گۆڕاوە، هەست دەکەم جوانترین وەرزی ئەم هەرێمە پایزە، نەك لەبەر ئەوەی خاوەنی ژەنەڕاڵی پایزن، بەڵکو ئەم سێ مانگە هەر ڕۆژەی شیعرێکە، کە ڕێبوارێکی دەوێت بیخوێنێتەوە، ئەم ئێوارەیە هەموو شار خۆی بۆ وەرزی شیعر ئامادە دەکرد، هەستم دەکرد کچۆڵەکان بە (هایکۆ) دەچوون و کوڕەکانیش بە شیعری بەرگری، ئازیزەکەم ئەگەر لەم شارە ماویت، چاوەکانت ماچ دەکەم بچیتەوە شەقامی پیرەمێرد و سەرێك لەبەر دەرکی سەرا بدەیت، من ئێستا لەو باوەڕەدام عاشقترین شەقامی سلێمانی پیرەمێردە، هەر جارێك بکەوتمایەتە بیرکردنەوەی خانمی حیجابەوە (یاخود هەرکام لەو عەشقە بێ شومارانەی گەنجیم) دەچووم بۆ ئەو شەقامە، گەورەییم زۆر لێی وردبەرەوە، بزانە ڕاست دەکەم یان نا، ئەگەر مەغۆل و تەتەریشی پیا تێپەڕێت، پیرەمێرد ڕۆمانسیترین شەقامە، هەر چۆن پەیکەری ئازادی بێنیت بۆ پارکی ئازادی هەر لای من جەلادترین ناوچەی شارە.

جەستەی شەکەتم، شار زۆر هەڵدەگرێت، منیش بەیانی سەفەرم لە پێشە، دەبێت بنووم، بەیانی دەچمەوە ئەو جێگایەی لێی لە دایکبووم، دەکەومەوە بەر دەم ئەو پرسیارەی (من لە کوێ غوربەت نیم؟)... .



**هاودەردت**

**سوارە**

بۆ/ پیرەمێردە نەخۆشەکە- قاوشی سەرئێشان

سەرنج/ ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمم وەرگرت، ئاگاداربە دەرچووم، ئێستا قۆناغی سێم.

١٧

## تاوانی کوشتنی دایك

پـایز ورده ورده دەڕوات، مـەخابن نـاتوانم کاتـەکان بگـرم، بـۆنی خۆڵی یەکەم باران هێشتا بەری نەداوم، دەزانم زیاتر لە مانگێـك دەبێـت، هـیچ نامەیـەکم بـۆ نەنووسـیویت، بـەڵام خۆشـم نـازانم بۆچی، نا لە بیرم نەکردوویت، هەمیشە بـە ترسـەوە چاوەڕوانی زەبوونیت دەکەم، پیرە پیاوی خاوەن سـەبر، هیواخـوازم سـەبرت لە دەست نەدابێت، من زیاتر لە پەنجا ساڵ چاوەڕوانی تۆ دەکەم، بەڵام دەڵێن پیران زۆر کەم تەحەمولن، وابزام لەبـەر ئەوەیـە لـە کۆتای یارییەکەدان و تەواو شڵەژاون، نـا ئێمـەی گـەنج پەلـەمان نییە، رەنگە ئێوە راست بکەن(بێ ئاگاین).

پیرە گیان



ئەم ماوەیە زیاد لە ڕادە لەگەڵ هاوڕێیەکما تێکەڵ بـووم، وابـزانم بیرت نەچووە، ئا خانمی گوڵ دەڵێم، ئەو هاوڕێیەی لە گەنجی تۆ دەچوو، بیرت دێت چەند بە تاسـوقەوە لـە یـەکتان دەڕوانـی؟ لـە سـەرو دەردەسـەری عاشـقبوون و خـەمی مەعـشوقەوە خـەمی منیـشی بـوو، ئـا ئـەو خانمـەی بـە نـاوی گـەورەترین گوڵـەوە نـاونرابوو، کەچـی حـەزی لـە پـایز بـوو، هەمیـشە خـۆی بـە دایکمەوە دەبەستەوە، بیرت ماوە با پێت نەڵێم بۆچی.

پیری رێزدار

لەم نامەیەیا لەبەر ئەوە باسی ئـەوت بـۆ ناکـەم، کـە جیـاوازە لـە هاوڕێکانم، نا پێشتر پێم وتی لە نامەیەکا باسی ئەو هەستەت بۆ دەکەم، کە دوای مردنی دایکمان داگیری کـردم، ئێـستاش ئەگـەری ئەوە هەیـە، کـە مـن بـووبم بـە هۆکـار بـۆ مردنـی ئـەو ئافرەتـە، بەڵام خانمی گوڵ تێی گەیاندم کە یەقین نەبم، لە سەر ئـەو بـیر کردنەوەیەم، ئەو رۆژەت بیردێت، کە بە کۆمەڵێ بەڵگەی زانستی و پزیشکی ڕازی کردم، کە کۆرپـە لـە یـەك حاڵەتـە دەبێتـە هـۆی مردنـی دایکـی، ئـەویش پیـسبوونی خوێنـە، وتیـی ئـەوەش چارەسـەری هەیـە، وەلێ ئێـستاش هـەر گومـانم هەیـە، ئێـستاش خـۆم وەك پاڵـەوانی فیلمـی عـەتر دەبیـنم، ئەگـەر دەسـتت دەکـەوێت، لـە حـەفتا ساڵیـشدا سـەیرێکی بکـەرەوە، ئـەویش یەکەمین سات کە لـە دایـك بـوو، بـوو بـە هـۆی لـە سێدارەدانی دایکـی، رەنگـە مـن باشـتر بـووبێتم، کـە یـەك دوو سـاڵێك دوای

هـاتنم دایکـم ژیـا، بـەڵام هـەموو ئاماژەکـان دەڵـێن دوای لـە دایکبوونم دایکم مرد، گەرچی راستەوخۆ گوێم لێنەبووە، کە من هۆکـاری مردنەکـەیم، بـەڵام کـە باسـی بـەفر کـرا، واتـە وەرز زستانە.

ئەی ئاقڵتر لە ئێستام

ئەرێ دەنگوباسی خانمی گوڵ چۆنە؟ ئاگات لێیـە؟ رەنگـە ئێـستا خێزانێکی بە ختەوەری هەبێت و جار جار هاوڕێ ناشـرینەکەی بیر بکەوێتەوە و دەستی کوڕەزاکـەی یـان کـچە زاکـەی بگرێـت و سەرێکت لێبدات، ئەو کاتە دەگەڕێنەوە ئێـستا و پێکـەوە چایەك دەخۆنـەوە، پێدەچـێ ئێـستا لـە باخـچەی ماڵەکەتـدا، پێکـەوە دانیشتبێتن و خێزانەکەت(ئەگـەر هێنابێتـت) دوو چـای پیریتـان بۆ بهێنێت، ئەو پیرێژنێکی کـەمێك پـشت کۆمـاوە، دونیایـەك لـە یادگـاری پێیـە و لەگـەڵ عەسـەرە چـایەکدا دەتباتـەوە سـەرەتای هەزارەی سێهەم، رەنگە ئێستا پێکەنینتان بێت بە شەڕەکانی ئەو لەگەڵ مەعشوقەکە و گاڵتە بـە تامـەزرۆی مـن بکـەن بـۆ خـانمی حیجاب،

دەی پـیرە گیـان ئێـوە چـاکەتان بخۆنـەوە، مـن دەبێـت بـڕۆم، چاوەڕوانم بکە نامەی ترت بۆ دەنێرم... .

ئێستا پەلـەی رۆشـتنەدەرەوەمە دەنـا باسـی ئەنجامـەکانی مـۆمی هەنگوینیم بۆ دەکردی، بـەڵام بـا بمێنێـت، بـۆ نامەیـەکی دیکـە،



چاوەڕوانبە سەرم پڕە لە قسە، کەس گوێم بۆ ناگرێ تـۆ نـەبێت، کەس تێم ناگا تۆ نەبێت...

لە سوارەی گەنجەوە

بۆ/ پیرەپیاوی ناو باخچەکە

دانیشتنی عەسرە چای

## ١٨

## له ٢٠٥٠ دا خۆشه وەك سوهراب بژیت

کاتژمێرەکە وردە وردە شەش تێدەپەڕێنێت، خەریکە درز دەکەوێتە دەسەڵاتی تاریکیەوە، هێشتا ئاسمان خامۆشە، بەهۆی پایزەوە دونیا لە پیاوێك دەچێت، چاکەتەکەی دابێتە سەردەستیا و وەکو نیشانەی بچوکی شەپقەکەی بۆ سەرسنگی داگرتبێت و بۆ دارێکی ڕووتەوەبووی ڕەنگ زەرد بنوشتێتەوە، ڕەنگە هەر ئەمەبێت وابکات، پایز شەفافترین وەرز بێت، گەڵاکان زەویان داپۆشیوە، گەڵا ڕێگرنییە، تەماشی جەستەی ڕووتەوەبووی دار بکەم، ئەمە خۆشترین وەرزی چۆلەکەیە، گەڵایەك بەرچاوی ناگرێت مەعشوقەکەی لەسەر پەلکەکەی ئەوبەرەوە ببینێت، تاکو چیلکەیەکی بە دیاری بۆ دەبات، بۆ ئەوەی ڕازیبکات پیاسەیەك بە ناو کۆڵانەکانی دارتوویەکی



گەورەدا بکەن، ئیتر ئەمە وەرزی عەشقە، بیرت نەچووە؟ (من هەر چاوەڕێم)، مەگەر کەمم گووتەوە چاوەڕوانی هونەری خۆ ئامادەکردنە بۆ خۆکوشتن، (نازانم بیرکردنەوەت گەیشتووە بە کوێ) ئێستا باوەڕم وایە شەریفانەترین خۆکوشتن لەسەر عەشقە، بە تایبەت ئەوەی لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا سۆز بیکوژێت، لەبەهەشت دەچێتە سەرو پێغەمبەر مەجنون و پێغەمبەرە شیرینەوە.

پیرەییە ڕەنگ سپیەکەم

نازانم بە پایز بەختەوەری یان نا؟ بەڵام من زۆرم پێ جوانە، مەخابن کاتەکانم بەشی لەزەتوەرگرتن ناکات، پێدەچێت ئێستا تۆ هیچ کارێك نەکەیت، مووچەیەکی خانەنشینی وەربگریت، سەری خۆت کزکردبێت، بەڵام ئەمڕۆکە من بۆ ئەوەی بژیم پێویستم بە نەوەستانە، تاکو کاتژمێر دوو بۆ سێی پاشنیوەڕۆ دەوامی زانستگا دەکەم، بەرلەوەی ئەم دەوامەم تەاوبێت دەبێت بچمە ڕۆژنامە، تاکو تاریکی دونیا داگیردەکاتەوە، کە دەشگەمە ماڵەوە لە ماندوویەتیدا دەنووم، تا درەنگانی شەو، ئەو کاتە هەڵدەستم، دەبێت فریای ئەرکی زانکۆ و ڕۆژنامەش بکەوم، لەگەڵ ئەوەشدا بە کەم و کوڕی دەزانم، کتێبێکی ئەدەبی نوێ بێت ومن نەیخوێنمەوە، لەبەرئەوە لە ئێستادا زیاد لە هەر شت گرنگی بە خوێندنەوە دەدەم، گەرچی هێشتا

سەر ئێشەکەم هەر ماوە( ئەری ئەوە پەنجا ساڵ تێدەپەڕێت، سەرت باش نەبووە؟)، بەڵام وەك دەزانیت ئەدەب نەرمە، تەنها ئەو کاتانە کەمێك ئازار ماندووم دەکات کە پێویستەمە، بۆ خولقاندنی پاڵەوانێك زانیاری (پزیشکی- بایلۆژی- دەرونی-...) بخوێنمەوە، لە ئێستادا دەمەوێت پاڵەوانێك دروستبکەم، ئالودەی مادە بێهۆشکەرەکان بێت، کتێبێکم دەربارەی جۆرەکانی دەست کەوت، بەڵام پەلکێشی کردم، بۆ یارییەکی قورستر کە ئەمە پەیوەندی بە خوێن و جەستەوە هەیە، خۆشبەختانە هورێیەکم، کتێبەکانی (سرطان الدم؛الدکتور ادمون قنواتی- المرشد الطبي الحديث- جسم الأنسان<کتاب معرفة>) بۆ هێنام، بەراستی سودیان لێوەردەگرم، بەڵام ماندووم دەکەن و منیش کاتی نیوە شەوم هەیە بۆ خوێندنەوە، ئیتر نازانم لەبەر فەرامۆشکردن لە رۆژنامە دەرم دەکەن و لە زانکۆش دەرمناچێنن؟

ڕیشت ماچ دەکەم

هێشتا هەر لە ئەدەبدا بەدوای جوانیدا دەگەڕێیت؟ یاخود مرۆڤ پۆست پۆست مۆدێرنیشی تێپەڕاندووە و ئەدەب وەك ڕابووردوو تەماشا دەکرێت، ئای چەند لە شەکەتی ئەدەب دەترسم، گەرچی بە گوومانیشم، بەڵام وردە وردە دونیا دەبێتە ژمارە، دوورنییە لە سەردەمی ئێوەدا مرۆڤەکان وەکو



رۆبۆتیان لێهاتبێت، عەشق و ئەدەب مەگەر تەنها لای پیرەمێردێکی وەکو تۆ لە کەنار شارێکی جەنجاڵدا مابێت، گەورەییم وای بۆ دەچم لە دەرەوەی یەکێك لە شارە گەورەکاندا جێی قزناغێك گەنمت، کردبێت بە باخ و خانۆچکەیەکت لە ناوەڕاستیا دروستکردبێت و سەرقاڵی خوێندنەوەی شیعر بیت، (ئەریّ لە٢٠٥٠ دا خۆشە وەك سوهراب بژێیت؟) یان تۆش لە کارگەیەکدا بەرپرسی لە کردنە کاری ئامێرەکان، نا تەمەنت هەیە و کاری قورست پیّ ناکرێت، ڕەنگە لە کارگەی لە فەردەکردنی برنجدا دەزووی دەمەکەیت پیّ ئامادە بکەن، یان لە ئیدارەی کۆمپانیایەکدا ڕیکلام بۆ کارەکانیان بکەیت، دەخوازم مادوو نەبیت و گیانت نەیەشێت، هەوڵبدە کاری قورس نەکەیت، تا بۆشت دەکرێت لە ناو کتێبەکان دەرمەچۆ.

بمبووره من ئامۆژگاریت ناکەم، بەڵام گیانی شەکەتی خۆم دەناسم، دەشگونجێت هەر بە گەنجی مردبێتیت و هەموو ئەم نامانە بچنە ئاوەوە، نەك دوور نییە بگرە نزیکە،

ئایندەی ئازیز

دەزانی بەر لە شەش رۆژ ساڵیادی لە دایکبوونم بوو، ڕەنگە ئێستا تۆ بۆ ڕێزگرتن لەو رۆژە، هەفتەیەك مۆڵەتت وەرگرتبێت و مۆمی حەفتایەم بکوژێنیتەوە، هەندێك لە

هاوڕێ کۆنەکانت کۆکردبێتەوە(وای بۆ دەچم هەر تەنها خۆت لە خانوەکەدا بژیت، دەزانم دەستی خانمی حیجاب بۆ دەستی من نابێت)، بەس خۆت و هاوڕێکانتن و لەبەر ڕووناکیەکی کز شەوەکەتان پڕ کردووە لە شیعر و شەراب، دەگەڕێنەوە بۆ رابردوو و یادگارییەکان دڵتان پڕدەکەن، شەوێك لە شیعر و شەراب و هاوڕێ، هەمیشە عەشقیش لەسەر ئەو سفرانە ئامادەیە، بەس گیانە لاوازەکەم، توخوا ئەگەر رێگەیان دایت، لە کتێبخانەکەت، کتێبی (ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم) دەربکە و نامەی حەوتیان بۆ بخوێنەرەوە...

سوارە

لە ٢٢ ساڵ و ٦ رۆژەوە

بۆ/ سوارەی پیر

سەر سفرەی شیعر و شەراب

**سەرنج/** ئەمڕۆ سێهەم رۆژی جەژنی قوربان بوو، نەمدەزانی چی بکەم، لای ئێمە جەژن تەواو کاڵبووتەوە، گەلێك هەستم بە تەنهایی کرد، پیرۆزبای جەژنیشت لێدەکەم. گەرچی رەنگە لای ئێوە هەر نەمابێت.



## حیکایەتی کتێبێك

کاتێك یەکەمین نامەم نووسی لەو باوەڕەدا نەبووم، هیچ حیکایەتێکی بۆ دروست بێت، بەڵام حیکایەتەکان لە بێدەنگیەوە سەرچاوە دەگرن، پێشتر وەڵامی هیچ کام لە نامەکانم بە دەست نەگەیشت، پێدەچێ نەگەیشتبم بە پیری، (ناخۆشترین شت لە دونیایە وەڵام نەدانەوەیە)، بە تایبەت خۆت وەڵامی خۆت نەدەیتەوە، لەبەر ئەوە ناچارم حیکایەتێك بۆ ئەم دلگرانییەم دروست بکەم، هەمیشە ناچارییە وا دەکات حیکایەت بگێڕدرێتەوە، حیکایەتی نووسینی ئەم نامانە لە تەنهاییەوە هەڵدەقوڵێت، گەنجێك کەسی دەست ناکەوێت، نامە بۆ خۆی دەنێرێت،{ئەمە حیکایەتێکی دیکەشی هەیە،

كابرایەك لە یەكێك لە شارەكانی ئوستڕالیا لە تاو تەنهایی هەموو شەوێك نامەیەك بۆ خۆی دەنووسێت، بەیانیان لەگەڵ چوونە دەرەوەیا دەیكاتە سندووقی پۆستەكەیەوە و ئێواران كە دەگەڕایەوە ماڵ دەریدەهێنا و شەو دەیخوێندەوە و وەڵامی دەدایەوە} بەڵام وەڵامنەدانەوەی نامەكان، حیكایەتێكی سەیر دەخولقێنێت، كە زۆرجار خۆشم باوەڕی پێناكەم.

كاتێك دەمویست زانیاری دەربارەی نەخۆشی شیزۆفرینیا كۆ بكەمەوە، بۆ ئەوەی پاڵەوانی چیرۆكی (ئەو رۆژەی پیرەمێردەكەیان بەردباران كرد) چارەسەر بكەم، ناچاربووم، چەند كتێبێك دەربارەی سیفەتەكانی ئەم نەخۆشیە و چارەسەر كردنەكانی بخوێنمەوە، یەكێك لەو كتێبانەی كە دەستم كەوت، كتێبی (شێتبوونە سەیروسەمەرەكان) كە دەرچوونێكی مەیدانی بوو، لەسەر ئەو كەسانەی لە كۆتایی پیریدا شێت بوون، لە لاپەڕە ١٤٧دا بەشێك لە ژێر ناوی (ئەو پیاوەی نامەكان شێتی كرد) ئەمەی خوارەوە نووسرابوو:

لە گەڕەكی یەكێك لە شارە عەرەبیەكاندا، پیرەمێردێكی غەریب بە تەنها دەژیا، تاكو تەمەنی حەفتا ساڵی هیچ كێشەیەكی نەبووە و زۆرترین كات، سەرقاڵی ژیان بووە، بەڵام لەپەڕ هاوكێشەكەی لاسەنگ دەبێت، بە درێژای دوو ساڵ لە



سندوقی پۆستەكەیدا نامەی پێدەگات، كە نێردراوەكە نازانرێت كێ بووە.

لە دوای مردنی ئەم پیرەمێردەوە، تەنها جارێك توانیمان بچینە خانووەكەیەوە، لە پاش خۆی جگە لە دەستنووس و كتێب هیچی دیكە لە ماڵەكەیدا نەبوو، لە ناو ئەو پاشماوانەدا تەنها چەند ڕاپۆرتێكی پزیشكیمان دۆزیەوە، كە مێژووەكەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی شێتبوونەكەی، بەڵام بێ سود بوو، چونكە ئەو دكتۆرەش كە پشكنینی بۆ كردبوو، چەند ساڵێك بەسەر مردنەكەیدا تێپەڕی بوو، لە تەواوی ئەو ڕاپۆرتانەشدا ئەوە دەردەكەوت، كە ماوەی شێتبوونەكەی تەنها زیاتر لە ساڵی خایاندووە، دەروازەیەك كە دەتوانرا نهێنییەكەی لێوە بدۆزینەوە، ئەو دێڕەی سەر دیواری ژووری نووسینەكەی بوو، كە بەخەتێكی كوفی لە دیواری بەرانبەر مێزەكەیدا نووسرابوو (هەرگیز بیرت لەوە كردۆتەوە حەز لە ژنێكی مێرددار بكەیت؟)... }

ڕۆژنامەنووسە پزیشكیەكە كە كتێبەكەی ئامادە كردووە، تەنها مەبەستی بووە، لایەنی شێتبوونی ئەو پیرەمێردە دەربخات، لەبەر ئەوە بەلای نهێنی ئەو نامانەدا نەچووە، دواتر دەكەوێتە سۆراخی ژیانی ئەو پیاوە و هیچی دەست ناكەوێت، دراوسێكانی و خەڵكی گەڕەكەكەیان دەدوێنێت، باس لەوە

دەکەن کە ساڵێکی بەدیار سندوقی پۆستەکەوە دانیشتووە و چەند جارێك بە زۆر بردوویانەتە دکتۆر، رۆژنامەنووسەکە لە زمانی پیرێژنێکی کۆڵانەکەوە دەڵێت، کە ئەو نامانەی لە خۆیەوە بۆ هاتووە، (ئەمەوە وەکو گاڵتە پێکردن بە مەسەلەکە دەنووسێت و چەند نیشانەیەکی سەرسوڕمان دادەنێت).

لە دوای ئاشنابوونم بەم حیکایەتە، هیچ ڕێگایەکم لەبەردامدا نەبوو، جگە لەوەی دەست لە نووسینی نامەکان هەڵبگرم و فکرەی چیرۆکی (ئەو رۆژەی پیرەمێردەکەیان بەردباران کرد) فەرامۆش بکەم، ناچاربووم هەموو ئەو نامانە کۆبکەمەوە و لە گەڵ حیکایەتەکەدا چیرۆکی گەنجێکی پێ بگێڕمەوە، کە لە تاو تەنهای نامە بۆ پیری خۆی دەنێرێت، دواتریش لە دوو توێی کتێبێکدا بلاوی بکەمەوە، بە ناوی (ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم)، بەڵام هەست دەکەم کە هێشتا ماوێتی، بۆیە بەشێکی دیکەشم بۆ زیاد کرد، هاوکات ئێستاش بە گومانم ئایا خانمی حیجاب و ئەو ژنە مێردارەی کە لەسەر دیوارەکە باسی کردووە، هەمان کەسن یان نا؟!.

کاتێك کتێبی (شێتبوونە سەیروسەمەرەکان)م خوێندەوە، هەستێکی سەیری گەڕانم بۆ دروستبوو، ناچار کەوتمە سۆراخی ئەم کتێبە و نووسەرەکەی، تەنها دەروازەش بۆ ئەم هەستەم ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بوو، زۆرم بابەت دەربارەی



راکێشا، بەڵام لە هەموویان سەرنج راکێشتر بابەتێکی رەخنەی رۆژنامەوانی بوو، کە باسی لە تەڵەکەی ئەو رۆژنامەنووسە پزیشکیەکە دەکرد کە کتێبی (شێتبوونە سەیروسەمەرەکان)ی ئامادەکردووە، چونکە رەخنەگرەکە لە سەرچاوەیەکی مێژووییەوە، گەیشتبووە، کۆمەڵێ هەقیقەت، کە ئەو شتەی ئەو باسی دەکات، دەرچوونی مەیدانی روژنامەنووسی نییە و رووداوێکی مێژووییە.

رەخنەگرە عەرەبەکە، دوای ئەوەی باسی ئەو فێڵانەدەکات، کە ئەمرۆ بە ناوی رۆژنامەنووسیەوە، زۆرکەس خۆی پێدەژێنێت، دواتر دێتە سەر باسی ئەو بەسەرهاتە، نوسەرەکە وا دەردەکەوێت، لە مێژوودا شارەزاییەکی باشی هەبێت، بۆیە ئەسڵی حیکایەتەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی هەژدە و باس لە کۆچی ئەو کابرا پیرە دەکات، لە کەناری خاکی ئەردەڵانەوە بۆ شام، گوایە ئەم (سوارە) ناوە زۆر سەرسامی شاعیرێکی هاوزمانی خۆی بووە و لە خاکی باباندا ژیاوە، کە دەبیستێت، ئەو شاعیرە بۆ شام کۆچ دەکات، ئەمیش هەمان رێگا دەگرێتە بەر، ئەگەرچی تا ئەم دەگاتە شام شاعیرەکە دەچێتە ئەستەمبووڵ، بەڵام ئەو لێرە دەمێنێتەوە، بەسەرهاتی ئەو نامانەشی هیچی راست نین، بگرە ئەو کاغەزانەی بە نهێنی

پێـی دەگـات، مـسوەدەی شـیعرەکانی، ئـەو شـاعیرەیە، کـە لای کابرایەکی دەوار نشینی عەرەب پارێزراوە.

بەڵام زۆرم سەیر لێهات، کەتێك گەیشتمە ئەو جێگەیـەی کە رەخنەگرەکە، باس لەوە دەکات، کە ئەگەری ئەوەش هەیە، ئەو سوارە ناوە، هـەر لـە وڵاتـی شام ژیـا بێت، هـەر خـەڵکی ئـەوێ بووبێت، بۆیە ناچاربووم بـۆ ئـەم مەسـەلەیە پـرس بـە بـاوکم بکـەم، لـەوەش سـەیرتر ئـەوە بـوو بـاوکم وتـی (ئـا رۆڵـە جەبارییەکان ئەسڵمان ئەچێتەوە سوریا، وەختـی خۆی بـاپیرە گـەورەمان لـەوێوە دێتـە کـەرکوك، ئـیتر ئـەم نـەوەییـەی ئێمـە لێـرە دەنێنـەوە، ئێـستاش بـە رەحمـەتبن، گـۆڕی هەنـدێك لـە باپیرانمـان لـەو وڵاتەیـە) دوای ئـەم قـسانەی بـاوکم، هیـچم بـۆ نەمایەوە لەوەی زیاتر خەیاڵی ئەوە بکەمەوە، کە تـۆ بڵێـی لـە سـەجەرەی منـا سـوارە نـاوێکی دیکـە هـەبێت، کـە هاوزەمـانی باپیرە گەورەی باوکمە؟!

# پاشکۆکان

## کۆڵانی ژمارە سی و شەش

نامەکان تەواو بەڵام هەندێ سەرنجی دیکە ماوە، کە کاملتریان دەکات، نا پێت وا نەبێت ناتەواون، بەڵکو ئەمانە روون کردنەوەی زیاترن، کە نەبوونی زیان بە پرۆسەی تێگەیشتن ناگەیەنێت، بوونیشی لە زیادە نییە، بەڵکو رێك وەك کونە لوت وایە، مرۆڤ ئەتوانێت بە تەنها کونە لوتێك بۆن بکات و هەواش هەڵمژێت، بەڵام بوونی دوو کونەلوت، وا دەکات هەستی بۆنکردن بە هێزتر بێت، لەگەڵ ئەوەشا دەتوانێت دەم بۆ هەناسەدان بەکار بهێنێت، هەرگیز کەسیش بە نەبوونی بۆن نەمردووە، نا من نەمبیستووە بڵێن فلان کەس لە بێبۆنیدا مردووە، لەگەڵ ئەوەشدام کەس ناتوانێت بڕیاری ئەوەبدات کە کونە لوت ئەندامێکی زیادەیە، بیر لەوە بکەرەوە



کە هەستی بۆن کردنت نەبێت، بزانە دەمریت؟ بەس چی روو دەدات...

ئەم پاشکۆیەش بە هەمان شێوە، خۆشم خالقیم و ناتوانم بڵێم زیادەیە، بگرە لە هەندێ رووەوە زۆر زەروورە، من کەلەسەرەوە سەیری نەخشەی ئەم کتێبەم کرد، هەستم کرد بەشی خوارەوەی ماوێتی، بەشی خوارەوەش راستەوخۆ دەتباتەوە ناو بەشاکانی دیکە، پەیوەندیکە وەکو خوێنبەر و خوێنهنەرەکانی لەش وایە، لە دڵەوە دەردەچن و هەموو لەش دەگەڕێن، بە هەمان شێوە هێڵی سەرەکیش لێرەدا هەموو شوێنێك دەگەڕێت، لەبەر ئەوە پەیوەندیەکی پتەو و تێکەڵاوبوون هەیە لە نێوانیاندا. جا بەڕێزەکەم ئەم جارەیان لە رێگای نامەوە نادوێم، نا ئەمجارە رەنگە لە ناو باخچەی ماڵەکەت یان لەسەر مێزی کارەکەت یان لەبەردەم ئاگردانی ژووری میوانەکەت یان و یان ... دانیشتبیت و ئەم کتێبە (ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم) دەربهێنیت و بکەویتە خوێندنەوەی ئەو پەیامانەی کە ئاڕاستەم کردوویت, ئیتر هاوڕێم ئەمە دونیایە، ئەمڕۆ من گەنجم و تۆش ئەو کاتە پیریت.

بەڕێزەکەم یەکەمین نامەت بیر ماوە؟ بیرتە باسی چیرۆکێکم بۆ کردی بە ناوی (ئەو کۆڵانەی کە دەرناچێت)، ئا هەر ئەو

چیرۆکە، بەڵام ناوەکەم گۆڕیوە بە (کۆڵانی ٣٦ی گەڕەکی ٣گۆشە)، هەستم کرد ئەم ناوە گونجاوترە، من هەمیشە کێشەم لەگەڵ ناو هەبووە، ناوی ژانەر ڕەگەزێکی گرنگی دەقە، لەبەر ئەوەی ناو لە چیرۆکدا کوتومت وەك کلیل وایە، هەر لە ناوەوە خوێنەر تێدەگات لەبەردەم چ جۆرە دەقێکدایە و خوێنەری وریا دەتوانێت لە ڕێگای ناوی چیرۆکەوە زۆر بە ئاسانی چیرۆکنووسەکە بخوێنێتەوە، ئێستا پیری من خۆت بڕیار بدە لە نێوان ناوی (ئەو کۆڵانەی کە دەرناچێت) و (کۆڵانی ٣٦ی گەڕەکی ٣گۆشە)، دوای ئەوەش ئەمە چیرۆکەکەیە جارێکی دیکە بیخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە بە زەمەنی نووسینی ئەو چیرۆکەیا تێپەڕینەوە:



}}

# کۆڵانی ٣٦ی گەڕەکی ٣گۆشە

کە پیاوانی کۆڵانی ٣٦ ی سێگۆشەی شار تەرمەکەیان هێنایەوە، کەس نەبوو لێیان وەربگرێتەوە، نەیاندەزانی تەسلیم بە کێی بکەن، پیرێژنی خاوەن خانووەکە دەیگوت، من چی لێ بکەم، خۆ بە من نانێژرێت، دوای ئەوە ناشزانم کەس وکاری کێیە، بۆ دەبێت من ببم بە وەلی ئەمری؟

تا درەنگانی ئێوارە چەلەحانێکە بەردەوام بوو، دوو پۆلیسی بەڕێوبەرایەتی لێکۆڵینەوەی تاوانیش تا تاریکبوون لە کۆڵانەکەیاندا مانەوە، بەڵام کەس نەبوو، سکاڵای هەبێت، یان کەس نەبوو، لە مردنی ئەو کوڕە بپرسێتەوە و گومانی لە کەسێك هەبێت، دوای بانگی ئێوارە پیاوانی کۆڵان بوون بە

خاوەنی تەرمەکە و دوای شوردنەوەی، لە مزگەوت هێشتیانەوە تاکو بەیانی بینێنە خاك، هەر کە لە ناشتنەکەشی بوونەوە ئیدی هەرکەسە و بۆ ماڵی خۆی.

**دواین یاداشتی پاڵەوان**

**(لە دواین لاپەڕەی دەفتەری زکریاتەکەیەوە وەرگیراوە)**

ڕاستە من خەڵکی ئەم شارە نیم، بەڵام ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت، هاتوومەتە ئێرە، لەبەر ئەوەی تەنهام و کەس نییە ئێواران چاوەڕوانم بکات و بەیانیان کەس ناڵێت بۆ کوێ دەچیت، زۆربەی کات لە دەرەوە بەسەر دەبەم و زۆر جیگا دەگەڕێم، چاوم بە زۆر کوچەی ئەم شارە کەوتووە، لەیەکەم ڕۆژی هاتنیشمەوە، کرێچی ئەم پیرێژنەم، ئەو بەس خۆی ماوەتەوە و لە تەنهای منیش مەپرسن، ئەوە چیرۆکێکی دیکەیە، خانوەکەمان خراپ نییە، کەوتۆتە کۆڵانی ٦ی گەڕەکی بازنەی شارەوە، پیرێژنەکە لە نهۆمی خوارەوەیە و منیش لەسەرەوە، ئەو جار جار کچەزاو کوڕەزاکانی دێن بۆ لای، بەڵام کەس تاکو ئێستا لە دەرگای منی نەداوە، تاکو سەر لە بەیانی ٢١ی ئایار لەو باوەڕەدا نەبووم، جێگایەك هەبێت، لەم شارەدا



بۆی نەچووبێتم، کە ناونیشانی ماڵی قاوەگرەوەکەیان دامێ، هەموو چوار دەورەکەیم دەزانی، بەڵام ئەو ماڵەم نەدەهاتە بەر چاو، گەرەکی لاکێشەی کەناری شارم دیبوو، بەڵام دواین خانووم نەدەهاتەوە بیر.

**قاوەگرەکە لە زمانی چیرۆکنووسەوە**

من هەرگیز باوەڕم بە خوێندنەوە ئایندە نەبووە، تاکو ئێستا کەس دەستی بۆ نەگرتوومەتەوە، لەو باوەڕەشدام ئایندە تاکو خۆی نەیات، کەس هیچی دەربارە نازانێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پاڵەوانەم پەنا بۆ ژنێکی نەخوێندەوار دەبات، تاکو داهاتووی پیشان بدات، خوێندنەوەی ئایندە هەروا ئاسان نییە، بە هەموو کەس بکرێت، هەمووومان بە ڕابردوو دەوێرین، بەڵام تەنها ئەوانەمان پەنا بۆ خوێندنەوەی داهاتوو دەبەن، کە یان خۆیان گێل و کاڵفامن یان دەزانن بەشی ئەوە گێل هەیە، کە ئەوان سودی خۆیانی لێوەرگرن، ئەو ژنەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ڕێی کەوتۆتە ماڵەکەی، وا دەزانم لەو جۆرەیە کە دڵنیایە گێلەکان ڕووی تێدەکەن، ژنێکی کامڵی کەمێك قەڵەوە، لەفزێکی شیرین و کەلامێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە، لەوانەیە کە مرۆڤ دەیانبینێت، باوەڕ بە هەموو شتێکیان دەکات،

پاڵەوانەکەی ئێمەش وەکو هەر گەنجێکی دیکە خەیاڵی زوو تەسلیمی بەرانبەر دەبوو، کە قاوەکەی خواردەوە، ژنەکە فنجانەکەی بەرزکردەوەوە کەمێك ڕاماو شێوەی ڕووخساری ترسی خستە دڵی کوڕەگەنجەکەوە، بەڵام هیچ لە قسەکانی تێنەدەگەیشت.

### پیرێژنی خاوەن خانووەکە

دوو ڕۆژ دوای گەڕاندنەوەی تەرمەکەی، هەمان دوو پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوان هاتنەوە بۆ کۆڵانەکەیان، کەشفی تەواوی خانووەکەیان کرد، هەموو ماڵەکەیان پشکنی، بەڵام هیچیان دەست نەکەوت ، تەنانەت پێناسی کەسێتێکەشیان نەدۆزیەوە، خاوەن خانوەکە گوتی( چوار ساڵە لەم خانوەی مندا دەژی، کەسم نەدیوە بێت بۆ لای، تەنانەت نازانم باوك و دایکیشی هەیە یان نا، بەڵام وابزانم، لە دائیرەو شتی وابووە، یەك دوو جار بە دزیەوە ناو ماڵەکەی دەگەڕام، هەر وەرەقە و دەفتەر و کتێبم دەبینی)، خەڵکی کۆڵانەکەیان دەیان گووت، کە هەمیشە وەرەقە و فایل بە بن دەستیەوە بووە، بەوە ئەچوو سەر و کاری لەگەڵ ڕۆژنامە یان چاپخانەیەکدا هەبێت، پۆلیسەکان سەریان سوڕمابوو، لەوەی کە هیچ پێناسەیەکیان دەست



نەکەوت، لە گەڵ پیرێژنەکەدا چوونە ڕەگەزنامەش، بەڵام کەس بەو ناوەوە تۆمار نەکرابوو، ژنەکە گووتی، ڕەنگە پێناسی لەو شارە بێت، کە لێوەی هاتووە، بەڵام کەس نەیدەزانی لە چی شارێکەوە هاتووە، بەر لەوەی پۆلیسەکان بڕۆن، پیرێژنەکە گووتی کە ئاخر جار قسەی لەگەڵدا کردووە، ڕۆژێك بەر لە مردنەکەی بووە،داوای کەسێکی لێکردووە ئایندەی بۆ بخوێنێتەوە، ئەمیش ناونیشانی قاوەگرەوەیەکی داوەتێ لە گەڕەکی لاکێشەی کەناری شار، بەڵام دوو پۆلیسەکە لەبەرئەوەی نەسەریان لە قەزێکە دەردەچوو و نە کەسیش سکاڵای هەبوو، لەویادا دەستیان لە لێکۆڵینەوە هەڵگرتوو و فایلەکەیان ونکرد.

### خوێندنەوەی فنجانەکە لە زاری قاوەگرەکەوە

**نیوەڕۆی ٢١ ئایار**

فنجانێکی سەیرە، تاکو ئێستا فنجانی وەهام نەدیووە، دڵنیام تامی قاوەکەشی نازانی چۆن بووە، کوڕەکەم نازانم چیت پێبڵێم، بەژیانم فنجانی وام نەهاتۆتە بەردەست، هەر بە فنجانەکەی نزار قەبانی دەچێت، کە عەبدلحەلیم حافز خۆی کرد بە خاوەنی، هەست دەکەم خوێندنەوەکەی بەرەو پێچاو

پێچپێکی زۆرم دەبات، دەمباتە ناو تاریکیەکەوە، کە نازانم کۆتاییەکەی کوێیە، براکەم ئەمە فنجانی کەسێکی ئاسایی نییە، واهەست دەکەم داهاتتوت نەیەوێت بەئاسانی تەسلیمم بێت، ئەوەی پێم دەڵێت تەنها چەند کاتێکی دیکەیە، تەنها چەند هەزار مەترێك دوای ئێستایە، دەڵێت کە لێرە دەچیتە دەرەوە، سنوری ئەم گەڕەکە دەبڕیت، تەنانەت ژمارەیەك کۆڵانی زۆریش، کە لە (٣٠) پتر دەبن، لە گەڕەکێکی شێوە سێگۆشەی پەنا ئەم گەڕەکە تێدەپەڕێت، بەڵام لەوە دوا تاریك دایەت، نازانم بۆ ناتوانێت مەودای زیاتر ببڕێت، کوڕەکەم سەیرکە، سەیری ناو فنجانەکە بکە، ئەو ڕێگایە لە سەری ئەو کۆڵانە کۆتای پێدێت، تاکو ئێستا سێ هەزار و نۆ سەد و حەوت فنجانم خوێندۆتەوە، هیچیان وا ئاڵۆز نەبوون، ڕێگای ناو فنجانەکە لەویا کۆتایی پێدێت، هیچ فنجانێك نەیتوانیوە وەها شکستم پێ بهێنێت، بەڵام ناهێڵم وەها بڕوات، کوڕەکەم ئەمڕۆ برۆ، ئەگەر سنوری دوو گەڕەك ئەولای ماڵەکەمت بڕی ڕۆژێکی دیکەوەرەوە، فنجانێکی دیکەت بۆ دەگرمەوە، کە شتەکانمان بە ڕوونتر پێبڵێت.

**دکتۆری لێکۆڵینەوەی جەنازە**

ئەو شەوە بەر لەوەی تەرمی پاڵەوانەکە بشۆرنەوە، بردیان بۆ بەشی جەنازەی نەخۆشخانەی گشتی، بۆ ئەوەی لە مردنەکەی



بکۆڵرێتەوە، بەڵام پزیشکەکانیش بێ هودە بوون، لە دۆزینەوەی هۆکارێك بۆ مردنەکەی، هیچ ئاسەوارێك بەسەر لاشەکەوە نەبوو، تاکو شتێکیان پێبڵێت، بێدەنگیان لێکرد و تەرمەکەیان گەڕاندەوە بۆ مزگەوتەکە.

**کۆڵانی ٣٦ی گەڕەکی سێگۆشە لە دوای نیوەڕۆی ٢١ی ئایاردا**

خەڵکی ئەو گەڕەکەی پاڵەوانەکەی تیامرد، وەها بەسەر هاتەکەیان دەگێڕایەوە، کە ئاگایان لە مردنەکە نەبووە، چەند منداڵێك کە بەو نیوەڕۆیە لە کۆڵان یاریان کردووە، ئەودوای گەڕەکیان ئاگادارکردۆتەوە، بەڵام ئەوانیش هیچیان بۆ نەکراوە تا گەیاندویانەتە، لای سستەرەکەی کۆڵانی ٢٩ی سێگۆشە، ئەویش پێیان دەڵێت (تەرمەکەتان بەرنەوە)، پیرەمێردێکی ئەو کۆڵانە بە پۆلیسەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانی گوت، کە ئەوان زانیویانە مردووە، وەرەقە و شتەکانیان پشکنیوە و لەو وەرەقانەی بە دەستیەوە بووە، یەك دوو چیرۆکی تیابووە، کە لە ڕێگای ئەوەوە، ناونیشانی ماڵەکەیانی دۆزیوەتەوە، ئەوەشی گووت، کە زۆر شتی دیکە لە چیرۆکەکانیدا هەیە، ئەگەر بتانەوێ هەموو شتێکی دەربارە دەزانن، بەڵام پۆلیسەکان ئەو

نیو فەردە وەرەقەیەی لە ناو خانووەکەی دەریانکرد، بردیان و فڕێیاندایە مەخزەنی مەخفەرەکەیانەوە.

}}

سەردەمی لاوازی جەستەم، ئێستا کاتی نووسینی ئەم چیرۆکەت بیرماوە؟ ئەی تۆ بڕیار بدە کام ناوەیان گونجاوترە، تۆ کە ئێستا ڕۆڵی ئەو خوێنەرە دەبینیت کە کتێبی (ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم)ی بەدەستەوەیە و دەیخوێنێتەوە.

ئەزیزی دڵم ڕەنگە ئێستا بگەڕێیتەوە سەر نامەی (با هەمومان پێکەوە بژین) و دیسان بەراوردێك بکەیت لە نێوان خۆم (سوارە) و پاڵەوانی چیرۆکەکە، بەڵام تۆ دەزانیت کامیان منم؟ ئایا چیرۆك نووسەکە یان پاڵەوانەکە یان ئەو سوارەیەی لە پێشەکی ئەو نامەیەدا باسی ئێوارەیەکی چۆڵ دەکات بە دیار گۆرانی قاریە فنجانی عەندەلیبەوە؟ تێکەڵاویەکی ئاڵۆزە ها؟ لە تەکنیکی ڕۆمانووسێکی ئاڵۆزنووس دەچێت،کە زیاتر مەبەستی بێت سەر لە خوێنەر بشێوێنێت نەك هونەر بنەخشێنیێت، نازانم لەسەر ئەم ڕایەی ئێستات ماوی یان نا، بەڵام لەو باوەڕەدام کە هەموو دەقێك بەشێك لە نووسەرەکەی



لە ناو خۆیا هەڵگرتووە، نا مەڵێ وانییە هیچ پاڵەوانێك لە نەبوونەوە نایەتە بەرهەم، ئیدی ئەگەر ئەو سیفەتە لە نووسەرەکەشدا نەبێت لە کەسێکی ئاشنای نووسەردا هەیە، بۆیە دەڵێن نووسین ڕەنگدانەوەی واقعە، ڕەنگە ئەمە زۆر کەس بە هەڵە تێی بگات، یان زۆر کەس بیەوێت مانایەکی دیکەی بداتێ، گرنگ ئەوەیە من مەبەستم لەم شێوازی پەیوەندیەی نێوان ژیانی واقع و ژیانی سەر کاغەزە.

## رۆبۆتەکان و هەستی شەشەم

**خوێنەری هەمیشەیم، سوارەی پیر**

پێم خۆشە جارێکی تر نامەی پێنجەم (ڕەنگە ڕۆبۆتەکان کاری خودا بکەن) بخوێنیتەوە، ئینجا بێیتەوە سەر ئەم ڕونکردنەوانە، نا بۆ ئەوە داوات لێناکەم بیخوێنیتەوە کە زەینت خراپە و پیر بوویت و بیرت چووەتەوە، بەڵکو دەمەوێت مەوزوعەکان تێکەڵ نەکەیت، بیرتە باسی ڕۆبۆتمان کرد، دڵنیام ڕۆبۆتەکانی سەردەمی ئێوە لەوانەی ئێمە زیرەکترن، ڕەنگە بتوانن بە چەند زمانێك قسە بکەن یان دەوری وەرگێڕێك ببینن، نا ئەمە دوور نییە، ئێستا کۆمپیوتەر دەتوانێت ئەمە بکات، دەزانم ئەو کاتە شتی زۆر ئەستەمتر دەکرێت، پێت سەیر نەبێت ئەگەر پێت بڵێن ژنی



دراوسێکەت ڕۆبۆتێکی کڕیوە، تامی خواردنەکانی بۆ دەکات و بە پێوەری خۆی خوێی تێدەکات، یان ڕۆبۆتەکەت شۆفێری دەکات و دەچێت لە بازاڕ عەترێکی ناسکت بۆ دەکڕێت، دوورنییە هەستی شەشەمیان هەبێت و هەندێ جار لە مەترسی ئاگادارت بکەنەوە، ئەمەش دەکاتە ئەوەی هەموو مرۆڤێك دەتوانێت ڕۆبۆتێکی یارمەتی دەری هەبێت، بەڵام کێشەیەکی کەمێك گەورە لە پێشدایە، ئەویش زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانە، چونکە لە ئێستادا یەکێك لەو خاڵانەی هەڕەشە لە ئایندەی زەوی دەکات زۆربوونی مرۆڤە، کە ڕاگرتنی لە توانی زەویدا نییە، ئەوجا ئەگەر مرۆڤ ئەوەندە زۆر بێت ڕەنگە ڕۆبۆتەکان جێگایان نەبێتەوە، (بە واتایەکی دیکە شۆڕشی کرێکاران دژ بە ڕۆبۆتەکان هەڵدەگیرسێت)یان دەبێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئێستا لێرە و لەوێ دەنگ هەیە کە دەڵێن خاوەنەکانی زەوی زۆربەی کات لە هەوڵی دروستکردنی ڤایرۆسدان بۆ لەناوبردن و کەمکردنەوەی مرۆڤەکان، نازانم بۆچوونەکەم ڕاستە یان نا، بەڵام لەو باوەڕەدام لە پەنجا ساڵی داهاتوودا جەنگی جیهانی سێهەم هەڵبگیرسێت، ئەمەش تەنها بەخاتری ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی زەوی کەمببێتەوە، چونکە وا هەست دەکەن ئەو ڤایرۆسانە ناتوانن ئامانجەکەیان بپێکن.

ده‌ی به‌ هه‌رحاڵ ئه‌گه‌ر به‌ مردنی من کێشه‌که‌ چاره‌سه‌ر ده‌بێت من کێشه‌یه‌کم نییه‌،

ئێستا من که‌ڵکه‌ڵه‌ی ده‌نگوباسی په‌نجا ساڵی دی له‌ مێشکمایه‌، ده‌مه‌وێت بزانم ته‌کنه‌لۆژیا گه‌یشتۆته‌ کوێ؟ له‌و باوه‌ڕیام تاوه‌کو نهێنی مردن ئاشکرا نه‌کات، ئه‌نجامێکی گه‌وره‌ی به‌ ده‌ست نه‌گه‌یشتووه‌، هه‌موو شته‌کانی دیکه‌ ورده‌ ورده‌ ده‌ڕۆن، نامه‌ی پێنجت بیردێته‌وه‌ که‌ وتم، ره‌نگه‌ ئێستا به‌ ته‌له‌فۆن له‌گه‌ڵ ئه‌و دیوی مردنا قسه‌ بکه‌ن، له‌م رۆژانه‌یا شتێکی گرنگتر به‌ مێشکما هات، ئه‌ویش گواستنه‌وه‌ی هه‌سته‌کانه‌، له‌م زه‌مه‌نه‌ی منا به‌ ته‌له‌فون هه‌ستی بیستن ده‌گوێزرێته‌وه‌، ته‌نانه‌ت بۆ دوورترین شوێنی زه‌وی و هه‌ندێجار که‌شتیه‌ ئاسمانییه‌کان ده‌یگه‌یه‌ننه‌ هه‌ساره‌کانی دیکه‌ش، له‌ رێی ئینته‌رنێتیشه‌وه‌، هه‌ستی بینینیش به‌هه‌مان شێوه‌ ده‌گوێزرێته‌وه‌، ئه‌وه‌ی ماوه‌ته‌وه‌ هه‌ستی تام و بۆنه‌، دوورنییه‌ ئێوه‌ په‌یوه‌ندی ئه‌و دوو هه‌سته‌شتان دۆزیبێته‌وه‌، ره‌نگه‌ که‌ ته‌له‌فۆن بۆ هاوڕێیه‌کت بکه‌ی له‌ کاتی نان خواردنا پێت بڵێ (شۆربایه‌کی خۆشمان هه‌یه‌، بزانه‌ تامی چۆنه‌؟) یان ئه‌گه‌ر په‌یوه‌ندیه‌کی ره‌سمیت به‌ست، ده‌بێ ئاگات له‌وه‌ بێت بایه‌کت لێنه‌بێته‌وه‌ و به‌رانبه‌ره‌که‌ت ئیزعاج بکه‌ی، ئێستا من زۆر ئاسایی له‌ ئاوده‌ستا ته‌له‌فۆن ئه‌که‌م، به‌ڵام ئێوه‌ ده‌بێت حه‌زه‌ر



بکه‌ن، ده‌زانم به‌ ته‌نها ده‌ژیت و خۆت خواردن بۆ خۆت ئاماده‌ ده‌که‌یت، ته‌له‌فۆنێك بکه‌ بۆ یه‌کێك له‌ کچه‌کانی هاوڕێت (ببوره‌ ره‌نگه‌ ئێستا هه‌موویان ژن بن و دوور نییه‌ بووبێتنه‌ داپیره‌) بزانه‌ که‌ ئه‌ویش مریشك لێ ئه‌نێت چه‌ند ده‌قه‌ له‌سه‌ر ئاگر ده‌بێت؟ یان هه‌ر پرسیارێکی تر که‌ من ئێستا هیچ له‌ باره‌ی چێشتلێنانه‌وه‌ نازانم، یان زۆربه‌ی کات ته‌له‌فۆنه‌کانت به‌ره‌ ناو باخچه‌که‌وه‌ با بۆنی گوڵه‌کانی له‌گه‌ڵا بڕوات، به‌یه‌کێك له‌ هاوڕێکانت بڵێ ئه‌وه‌ بۆنێکی تازه‌م کڕیوه‌ بزانه‌ خۆشه‌؟ یان ئه‌م جگه‌ره‌ تازه‌یه‌ تامی جیاوازه‌؟

ئا بیرم چوو بپرسم، ئه‌رێ رۆبۆته‌کان گه‌یشتوونه‌ته‌ ئه‌وه‌ی بتوانن عاشق بن؟

به‌ڵێ پیره‌ گیان ژیانمان ده‌وه‌ستێت، به‌ڵام ته‌کنه‌لۆژیا و پێشکه‌وتن ناوه‌ستێت، تا ئه‌و کاته‌ی ده‌گاته‌ ئه‌وه‌ی نه‌یه‌ڵێت ژیانمان بووه‌ستێت، ده‌زانم ئێستا تۆ له‌ هه‌موو شت زیاتر دڵت به‌وه‌ خۆشه‌ پێشکه‌وتن بگاته‌ ئه‌وه‌ی نه‌یه‌ڵێت بمریت، به‌ڵام بمبووره‌ وا هه‌سته‌که‌م تا ئه‌و زه‌مه‌نه‌ی تۆ داهێنان نه‌گاته‌ ئه‌و ئاسته‌ یان به‌ واتایه‌کی دیکه‌ من فریایی نه‌مری ناکه‌وم، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شا دوعای به‌ خێرت بۆ ده‌که‌م و ته‌مه‌نای له‌شساغیت بۆ ده‌خوازم.

**سەرنج/** حەزمکرد وێنەی ئەوە بینمە بەرچاوم کە نەخۆشێکی زەلیلیت و دکتۆر ئیزنی داویت بمریت، چونکە چارەسەرت نییە، بەڵام خەیاڵم بۆ تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن نەیهێشت.



## خانمی حیجاب

### پیرە گیان خانمی حیجاب رۆیشت

رێك ئەوە بوو کە لە نامەی حەوتەمدا پێم وتی، ئیشی من بووەتە هەوڵدان بۆ لە بیرکردنی فیراق، نا دەزانم بە تەواوەتی لە بیر ناکرێت، بەڵام ئێستا لای تۆ وەك یادگاری لێ هاتووە، بە هەرحاڵ ئەوە تێپەڕی، بەڵام لێی تێگەیشتم، دەزانم ئەمە فرسەتێکی باش بوو، بۆ ئەوەی نهێنییەکی دیکەی ژیان تاقی بکەمەوە، نا کتێبەکان هەرگیز ناتوانن، تەعبیری راستی بکەن، تەنها ئەزموون وتاقیکردنەوە راستی هەلگرتووە، بەڵام هەموو شتێ لە کۆتایی فیلمەکەدا روون دەبێتەوە، تۆ دیقەت بدە، ماسی بۆ ئەوەی لە فەلسەفەی ئاو تێبگات، دەبێت خۆی تەسلیمی راوچیەك بکات، بەڵام کێشەکەی لەوەدایە جارێکی

دیکە بە دیدەنی دەریا ناگاتەوە، بەڵام باشترین نموونە بۆ ئەمە گەڕانەوەی سەربازێکە لە بەرەکانی جەنگەوە، دواتر وەکو یادگاری چرکەکانی مەرگ دەگێڕێتەوە، ڕەنگە لە کونجی چاخانەیەکا بە دیار چایەکی تاڵەوە باسی ئەوەت بۆ بکات، کە چۆن خۆی و هاوڕێیەکی لە کەمینا قەتیس ماون و چاوەڕوانی مردن بوون، من لەو باوەڕەدام مەنزووری ئەو دوو جەنگاوەرە، ڕاسترین پێناسەیە بۆ ژیان، بە تایبەت ئەگەر هاوڕێکەی ڕزگاری نەبووبێت، یان خۆی برینداریەکی سەخت و مەترسیداری توش بووبێت، ئەوکات بۆ هەمیشە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی لایە، تەنها ئەوانەی لە مردنەوە دەگەڕێنەوە دەتوانن وێنەیەکی تەواوی ژیان بکێشن.

هاوڕێم عەشقیش هەمان شتە، هەمان هەستی ماسیە بۆ ئاو، هەمان تێگەیشتنی سەربازی جەنگە لە مەترسی مردن، شکست لە عەشقدا ڕێك ئەو جەنگاوەرەیە، کە هەموو هێزەکەی تەواو بوون و خۆی کەسی مایە مووچی گۆڕەپانەکەیە، تەرمی هەموو هاوڕێکانی دەبنە یادگاری، ئەو تەرمانە هەمان ئەو وێنانە کە ئێستا لای تۆ یادگارین، وێنەکانیش ڕێك وەك مردوو وان، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕن، جگە لە یادگاری، وەك تەرم نە هەناسە دەدەن، نە دەجوڵێن، نە قسەیە دەکەن... ڕەنگە ئێستا ئەلبوومەکەت لە بەردەما بێت و لە هەموو ئەو



تەرمانە بڕوانیت، کە لە سەیران و ئاهەنگەکانی دانیشتگادا خانم لە نزیکتەوەیە، ئا گەوریم خانمی حیجاب ڕۆیشت، بەم شێوەیە تێگەیشتم عاشق چ بازرگانێکی مایە پووچە.

پیری ئازیزم، نازانم بە درێژای ئەم پەنجا ساڵەی تێپەڕیوە چی ڕویداوە، بەڵام پێم خۆشە نەگەڕابێتەوە. چونکە ئەوەندە دڵ ڕەق نیم ڕەتی بکەمەوە، لەگەڵ هەموو ئەوەناشەدا کە ڕوویدا.

# ٢٠١٢

زۆر دەمێکە بیر لە پیری دەکەمەوە و زۆریش بەنامەکان بە هیوام، هاوکات زۆرم خەمە کە نەگەنە شوێن و کاتی خۆیان، بەڵام ئەمە بە دەست من نییە، نازانم چی روودەدات، ئەوەندە هەیە، کە وێنەیەك دروست بێت بۆ زەمەنێکی دیکە، کە ئەم نامانەی تیا بخوێنرێتەوە.

ئەوەی ماوەیەکە بووەتە جێگای مشتومڕی زۆری دانیشتوانی زەوی، ساڵی ٢٠١٢یە، کە هەندێك پێیان وایە کۆتایی دونیایە، ئەگەرچی من هیچ رایەکم نییە سەبارەت بەم ساڵە، بەڵام لە بەرانبەردا بۆچوونم وایە، کە دەبێت ئەم دونیایە لە جێگەیەك بووەستێت، جا هەر کات و سەردەمێك بێت، دەنا وەك ئەو شەمەندەفەرە بێمانا دەبێت، کە بیەوێت بە سەر



زەویدا بەردەوام لە رۆشتندا بێت، لەبەر ئەوە دڵنیام دەبێت بووەستێت، وەلێ کێشەی من ئێستا مردنی خۆم نییە لەگەڵ عەواما، بەڵکو چارەنووسی ئەم نامانەیە کە دەگاتە کوێ؟ گریمان سێ ساڵی دیکە دونیا کۆتایی دێت، بەڵام وا بە ئاسانی ئەم هەموو شتە ون دەبێت! خۆ پێویستە جێگایەك هەبێت بۆی بچین.

بۆچوونی زانایان و پسپۆڕان لەسەر ساڵی ٢٠١٢ گۆڕانی ژینگەی زەویە، نەك کۆتایی دونیا، گوایە، بەهۆی خۆر و هەسارەی نوێ و فەیەزاناتەوە زەوی کۆتایی دێت و چەند کەسێکی کەم رزگاریان دەبێت، زۆر ئەستەمە لەو کۆمەڵە کەسە کەمەیا منی تیا بم، بەڵام پێم خۆشە کتێبی (ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم) بگاتە دوای گۆڕانکارییەکان، هەرچەند ئەمەشیان مەحاڵە، چونکە هەموومان دەزانین زەوی پێشتر بە ماوەی گۆڕانکاریا تێپەڕیوە، بەڵام کامانەن ئەو کتێبانەی کە هی سەردەمی دەیناسۆڕەکانن؟ کەس ناوی نووسەرەێکی پێش ئەو گۆڕانکاریانە دەزانێت؟

مەسەلەی نغرۆبوونی زەوی بەهۆی ئاوەوە، بەسەرهاتێکی سەیری بیر هێنامەوە، کە کەمێك کەوتمە گومانی ئەوەی کە ئەو قسانەی دەربارەی ٢٠١٢ دەکرێت تا رادەیەك راست بێت، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا کابرایەك بەهۆی سەفەرەوە، لە بەردەم

سەرای شار، کتێبخانەکەی هەڕاج کرد، کتێبێکی زۆری مێژووی تیابوو، بەڵام من تەنها یەك کتێبم کڕی، کە نووسینی پیرێکی هەورامی بوو، بە ناوی (حیکمەتی دروستبوونی زەوی)ەوە، کە کۆمەڵێ باسی دەگێڕایەوە، بە مەنزووری خۆی ویستوویەتی شەرعیەت بدات بە ئادەم و حەوا و گەردوون, وەکو دیوێکی موعجیزەی ئیلاهی پیشانی بدات، لە یەکێك لەو باسانەدا کە سەرەتاکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ دوای شەڕی (سێو)، کە زەوی دەبێتە مەکانی دووەمی دروستکراوەکانی خوا، لەو کاتەوە باسی زەوی دەکات، کە زۆربەی هەرە زۆری وشکانی بووە، ئاو رووبەرێکی کەمی ئەم هەسارەیەی داپۆشیوە، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەوە وردە وردە ئاو زۆر دەبێت، بە چەشنێ کە ئێستا لە چوار بەش سیان زیاتری ئاوە، وەلێ دەڵێن (٢٠١٢)ەش زەوی نغرۆی ئاودەبێت، وای بۆ دەچم، ئەمە رێك گۆڕانکاریەکی دیکەی زەوییە، کە دوور نییە، رووبەری وشکانی ئەوەندە بچوکببێتەوە، کە زۆر زۆر بڕوات، هەێندەی کیشوەرێکی ئێستا بێت.

هاوکات کۆمەڵێ نیشانەی کەش بۆ ئەم زۆربوونی ئاوە هەیە، لە گرنگترینیان توانەوەی بەستەڵەکەکانی هەردوو جەمسەری زەوییە، بە پێی ئامارەکان لە پەنجا ساڵی پێشوودا پێنج هەزار میل چوار گۆشە لە بەستەڵەکی جەمسەری باشوور تواوەتەوە،



واتە لە پەنجا ساڵی دیکەدا بەلایەنی کەمەوە پێنج هەزاری دیکە دەتوێتەوە، وە لە ماوەی نەوەد ساڵی پێشوودا تەنها لە بەریتانیا سەد و بیست و سێ شاخی سەهۆڵ تواوەتەوە، پێشبینی دەکرێت، تا دوو هەزار و سی هەموو شاخە سەهۆڵەکانی ئەو وڵاتە بتوێتەوە، ئەمانە هاوشانی ئەوەن کە بە بۆچوونی زۆربەی زاناکان لەسەر سەدەی بیست و یەك بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایە، کە واپێشبینی دەکرێت، لە دوو هەزار و چلدا تەواوی بەستەڵەکی باکور بتوێتەوە، کە ئەگەر تەنها بەستەڵەکی دوورگەی (گرینلاند) بتوێتەوە، ئەوا ئاستی رووی دەریا چوار سەد سانتیمەتر بەرز دەبێتەوە.

پیری من، خولاصە دەگەینە ئەوەی ئەگەر ئەو کۆتاییەی بۆ ٢٠١٢ دانراوە، تەنها خەیلاتی پەرجوو بێت، ئەوا بەدڵنیایەوە گۆڕانی کەش و هەوا زەوی بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبات، کە دوور نییە، ئەگەر ئێستا لە دوو هەزار و پەنجادا بیت، ماڵەکەت لە سەر کەشتیەك بێت، لەبری تەکسی بە بەلەم هاتوچۆ بکەیت، یاخود دوریش نییە ئێستا ئێسقانەکانت لە ژێر ئاودا بێت، بە هەر حاڵ، پێم خۆشە نەمردبی، چونکە زۆرم پێخۆشە ئەو جەوە ببینم، هێشتا هەر گەنجە لاسارەکەم، کە حەز ئەکەم، هەموو شتێ تاقی بکەمەوە. بەڵکە ئەو چانسەم هەبێت، کە لەو کۆمەڵەکەسە کەمەبم، کە رزگاریان دەبێت!

**ئەزیزی من**

ئەو زانیاریانەی من خوێندوومەتەوە، لەسەر تەواوی سەدەی بیست و یەکە، بەڵام من مەخسەدمە ٢٠١٢ ببینم، کە دوور نییە، ئەو قیامەتە بێت، کە کتێبە ئاسمانییەکان باسی دەکەن، کاتێک زانیاریم دەربارەی ئەو نیشانانە دەخوێندەوە کە تایبەتە بە قیامەت و سالّی ٢٠١٢ بۆ ساتێك گەڕامەوە مندالّی، چونکە گەردووناسەکان دەلّێن بە هۆی ئەو بەرکەوتنی هەسارەی (نیبرۆ)ەوە خۆر لە خۆرئاوای زەویەوە هەلّدێت، ئەمەش نیشانەی قیامەتە، بیرم دێت، چەند سالّێك بەر لە وەی ٢٠٠٠ بێت، دەمانگوت، ئەو سالّە قیامەتە، نیشانەکانیشی ئەوەیە شتەکان پێچەوانە دەبێتەوە، دیارترینیان هەلّهاتنی خۆرە لە خۆر ئاواوە، دەمانگوت شتەکان پێچەوانە دەبێتەوە، ئەوەتا کچ لە ئاسایی کوڕ ئەکاتەوە و پانتۆلّ لە پێ ئەکات، کوڕ وەکو کچ قژدرێژ دەکاتەوە و گوارە دەکاتە گوێی، زەوی هەمووی تووشی بەد رەوشتی دەبێت، ئەمانەو زۆر شتی دیکە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕستی نەوەدەکان، بەڵام من دواترێك زانیم، کە ئەمە دەسی پارتە ئیسلامیەکانبوو، بۆ ئەوەی ئێمەی پێ بێنەناو گەمەکانیانەوە، بە تایبەت ئەو کاتە من تەلەبەی مزگەوت بووم و بەردەوام هاتوچۆم دەکرد، بیرت دێ کە لە تیپی فتبۆلّێنی مزگەوت یاریم دەکرد؟ نەمدەزانی ئەو هەموو یاریزانە باشەیان



هەبوو بۆچی منێکی دەسالّەی چلّمنیان دەبرد بۆ یاری، دواترێك مووی ناو ئەم ماستەم دۆزیەوە، بەڵام ئەوەش سودی هەبوو بۆم، هیچ نەبێت لە مندالّێکی ناو کۆلّانەوە بردیانمە ناو دامەزراوەیەکەوە و لە بەرسیلە و هەنار دزینی مالّانیان دوور کردمەوە.

بە هەرحالّ پیرە گیان، من چاوەڕوانی ٢٠١٢ دەکەم، بزانم چی روو دەدات، بە پێی زۆربەی تیۆرە زانستیەکان دواین رۆژی زەوی ٢٠١٢/١٢/٢١ یە، ئێستاش کە من لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەما خەریکی نووسینم، رێك بیست و یەکی دوانزەیە، واتە رێك سێ سالّمان ماوە، کە بەلای کەمەوە فریایی هەندێ شتی گرنگ دەکەوم، لەگەلّ ئەوەشدا ئەم شەو یەلّدایە و درێژترین شەو و یەکەمین شەوی زستانە، سەیرتر لای من ئەوەیە، کە واهەست دەکەم ژیان بەس لە پایزدایە، کەچی ئەو رۆژەش دوا رۆژی پایزە.

## مۆمی هەنگوینی

پیری من سەلام

پێم خۆشە بەختەوەر بیت، چونکە دیسان باسی مەوزوعە خەمهێنەرەکەی دایکم دەکەمەوە، باسی هەوڵە رووحیەکانم دەکەم، بۆ گەیشتن بە مەحاڵ، لە پێناسەی مۆمی هەنگوینداهاتووە، کە دەتوانی بە یارمەتی ئەم مۆمە، بە دیداری ئەو ئازیزانە شاد بیت، کە زەمەنێکی زۆرە نەتدیون، بەڵام ئەوەی تیادا نییە، کە کەسێك هەر لە ئەزەلەوە، نەبینرابێت مۆمی هەنگوینی بیهێنێتە خەوت، واتە ناتوانێت بە بێ بوون کەسێك دروست بکات.

کاتی خۆی پێم وتی مۆمی هەنگوینیش نەیتوانی شێوەیەکی دایکم بداتێ، ئەو شەوەی کە مۆمەکەم داگیرسان، هەموو سروتەکانم جێبەجێکرد، ئاگرەکەی رەنگێکی زۆر جیاوازی



هەبوو، شێوەیەکی دڵی دەنواند، بە درێژای سوتانەکەی هەستم دەکرد کە رووخساری کەسێك تیایدا دەسوتێت، بەڵام نەمدەتوانی بیناسمەوە، تەواو چووبوومە ناو رووخساری ئەو کەسەوە، دەمویست بیناسمەوە و قسەی لەگەڵ بکەم، رووحم تەواوی پەیوەندیەکەی درووست کردبوو، بەڵام لە پڕ بێ ئەوەی هیچ لە ئارادا بێت، بەبێ ئەوەی هەوای هەناسەشم هاتبێت، مۆمەکە کوژایەوە، دواتر دامگیرسانەوە و تا کۆتایی بە دیاریەوە دانیشتم، کات بەرەو بەرەبەیان دەچوو، کە خەوم لێکەوت، بەداخەوە گوڵی کراسەکەشیم نەدۆزیەوە.

ئەو پەیوەندیە رووحیە ماوەیەکی زۆر کەوتە مێشکمەوە، تاوەکو بەدوای وردەکاری ئەم مۆمی هەنگوینییەدا برۆم، بەڵام بۆم دەرکەوت، کە ئەگەر لەکاتی پرۆسەکەدا مۆمەکە بکوژێتەوە، ئەوا واتای بێ ئەنجامی کارەکەیە و پەیوەندی رووحی دروست نابێت. بەو هیوایەی تۆ پەیوەندیت پێوە کردبێت.

پیرەگیان ئەم مۆمە مەسەلەیەکی دیکەی لا دروست کردم، گەڕاندمیەوە بۆ مێژوویەکی کۆن، مۆمی هەنگوینی سەرەتا فیرعەونەکان دۆزیانەوە، ئەوان بەمەبەستی مۆمیاکردن بەکاریان دەهێنا، دواتر لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە مەبەستی رووحانی بەکارهێنرا، بەڵام مۆمی ئاسایی یەکەمجار

لای صینییەکان بۆ رووناکی بەکارهێنرا، دواتر فێرعەونەکان لەمانەوە فێربوون و چرا زەیتیەکانیان کرد بە مۆم، واتە سەرچاوەی رووناکی لە چرای زەیتەوە دێت و دواتر دەبێتە مۆم و جۆرەها چرای نەوتی و زەیتی دیکە، تا دەگات بە گلۆپ و بلاجیکتۆر و شەحن و...، من لەو باوەڕەدام رووناکی باشترین داهێنانبوو، کە مرۆڤ دۆزیەوە، لەلایەکەوە بووە بەرچاو روونی و لە لایەکی دیکەوە بە فعلی توانرا سود لە وزە وەر بگیردرێت، زۆر ئەستەم بوو مرۆڤ بێ رووناکی و لە تاریکیدا وەها کارێکی بۆ بکرێت، دواتر ئەم وزەیە بوو بە سەرچاوە بۆ زۆر داهێنانی دیکە.

رەنگە ئێستا ئێوە زۆر پێشتر کەوتبێتن و رووناکی زۆر گەورەترتان دۆزیبێتەوە، ئا ئەوە ئەستەمە خۆرێکی دیکەتان کەشف کردبێت و بیست و چوار سەعات لای ئێوە رۆژ بێت، بەلام مەحاڵ نییە، رەنگە لای ئێوە رووناکی زۆر زیاتر تەشەنەی کردبێت، کە زۆر قورسە ئەقڵ وا بە ئاسانی پەی پێ بردبێت، جا پیرەگیان لەگەڵ ئەو دۆزینەوەی رووناکیە گەورەیەدا هیوادارم چرای تەمەنت نەکوژابێتەوە و لەش ساغ و بەختەوەر بیت، من هەر ئەوەندەم بۆ دەکرێت، لێرەوە دوعات بۆ بکەم.



## هاوڕێ سەرۆك كۆمارەكەم

لە سەرەتای نامەکانەوە لەسەر یەك ستایڵ رۆیشتووم، ئەویش درێژەدانە بەم حاڵەی ئێستام، نا پێتوانەبێ لێی نارازیم، من لە یەك شت ناڕازیم، ئەویش لەدایکبوونمە، دەنا زۆر دڵخۆشم بە هەموو ئەو نەهامەتیانەی هاتووەتە رێم، چونکە دواجار گەیاندمی بە ئەدەبیات، رەنگە نەهامەتی ژیان نەبووایە هەرگیز چیرۆکم نەنووسیبایە، بەڵێ.. بەتەنها ئەدیبان دەزانن چیرۆك چ لەزەتێکی هەیە!

کلۆڵی من

دەزانم زۆر شت ماوە پێت بڵێم، یان باشتر وایە بڵێم زۆر پێشبینی ماوە بیکەم، کە نازانم کامیان بە تەواوەتی راستە (هاوکات هەموویان بەشێك لە راستیان تیادایە) بەلام دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە تۆ دواجار کەسێکی بە بەخت

و گەورەت لێدەردەچێت (رەنگە)، دوورنییە لە راکێشانی بیتاقەیەکی یانسیبدا بڕە پارەیەکی زۆرت دەست بکەوێت، بەڵام بمبوورە بەمە نابیتە کەسێکی گەورە، هەموو دەوڵەمەندەکان گەورە نین، نازانم ئەو پارەیە چەندە کە لەو بیتاقەیەیا بۆت دەرچووە، بەس دەزانم دەوڵەمەند بوویت، جا وەك دەوڵەمەندەکانی دیکە؟

پیرەگیان دوای ئەوەی بۆیتە ئەوکەسە دەوڵەمەندە، جارێکی دیکە نامەکەی چارلی چاپلن بۆ ژیراڵدینی بیخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی تۆش دڵنیا بیت، کە ئەو پارەیە بە تەنها هی خۆت نییە، رەنگە بە تەنها بەشی نانخواردنی ئەم ئێوارەیەتی تیابێت، چونکە دڵنیام لەو سەردەمەی تۆشا هەر برسی ماوە، ئەو پارەیە بەشی هەموو منداڵە برسیەکانی تیادایە، کە کولێرە بە دوکەڵی کەبابەوە دەخۆن، هی ئەو دەروەزەکەرانەشە، کە بە هەزار شێوە خۆیان زەلیل دەکەن بە خاتری ئەوەی عانەیەکیان دەستکەوێت، بیری ئەو گەنجەت نەچێت، کە رەنگە لە بەر بێ پارەی دەستگیرانەکەی تەڵاق بدات، یان ئەو نەخۆشەی توانای کڕینی دەرمانی نییە و دایك و خوشکەکەی چاوەڕێن بمرێت، پیرەگیان بە کۆڵانەکانی شارا بگەڕێ رەنگە منداڵێك بۆ تۆپێکی لاسیك بگری، یان حەزی لە هەنارە و لە داری ماڵە دراوسێکەیانی دەدزێت... .



سوارە گیان ئەم بەخت باشیەت یادەوەریەکی دیکەی بیر هێنامەوە، بیرت دێ لە زانستگا خەیاڵی چیمان دەکرد؟ ئا حکومەتە خەیاڵیەکە دەڵێم، ئەو حکومەتەی هاوڕێیەکمان لە خەیاڵی خۆیا دای مەزراندبوو و خۆی سەرۆکی بوو، نا بۆتۆی باس ناکەمەوە، دەزانم ئێستا دەقە بە دەقەیت بیرە، بەس بۆ کتێبەکە دەیگێڕمەوە،

ئەو کوڕە کە دەیگووت، رۆژێك هەر دەبێت ببمە سەرۆك، هەر لە ناو خۆمانا حکومەتەکەی تەشکیل کردبوو و وەزارەتیشی دابەش کردبوو، حەزی لە کچێکی گرووپەکە بوو، کردبووی بە سەرۆك وەزیران، من لە هەموو هاوڕێیان زیاتر رقم لە خوێندن و بەشەکەمان بوو، کەچی کردبوومی بە وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری پەروەردەش کچێك بوو، کە جلەکانی لە هەموو کچەکانی دیکە رووتر و سەرەنجراکێشتر بوو، جا ئەگەر پەروەردەی منداڵانی وڵات لای ئەو ببێت، ئەوا دڵنیام قوتابخانەکان دەکاتە دیسکۆ، ئەو کوڕەش کە زۆربەی کات حەزی بە تفەنگ و شەڕ و زبری بوو، کردبووی بە وەزیری بەرگری، وەزیری ئەوقافیش ئەو گەنجە باڵابەرزەبوو کە جار جار بە سەرۆکی ئەوت (قوونی نییە)، "لەبەر ئەوەی زۆر زەعیف و کەم خوێن بوو"، بۆ وەزیری رۆشنبیریش کچێکی

دانابوو کە سێ مانگ کتێبێکی منی لابوو، کە هێنایەوە وتی (نەمخوێندۆتەوە)، ... .

ئەم کوڕە هەمیشە بیر لە حکومەتەکەی دەکاتەوە، لەو باوەڕەدام ئەفلاتۆنیش هەر ئەوەندە بە کۆمارەکەیەوە خەریك بووە و بیری لێکردۆتەوە، ناوی وەزیرەکان لە لاپەڕەیەکدا نووسراوە و ئیمزای لەسەر کردووە، کە ئێستا لای من پارێزراوە و هیوادارم لە ناوت نەبردبێ، بەرواری ٢٤\٢\٢٠٠٩ی لەسەرە، بەڵام ناوی کۆمەڵێ وەزارەتی گرنگی تیا نییە، کە پێم وابێت، بۆ برا عەرەبەکانی داناوە، چونکە حسابی بۆ زۆر شت کردبوو، وا دەزانم ئەو پۆستانەی ئێمەی بۆ قەشمەریات دانا بوو، ئەو زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی ببێت بە سەرۆك، جا بە هەر رێگایەك بووە، هەستم دەکرد هەموو کات بیری لێ دەکاتەوە، هاوکات ئەو کچەی کە لە حکومەتی خەیاڵیا سەرۆك وەزیران بوو، زۆر زۆری عەزاب دەدا، بەڵێ کاری عەشق وایە، رۆژی پێی وتم (من تەنها بۆ یەك شت دەمەوێت ببمە سەرۆك، بۆ ئەوەی لە شاشەی تەلەفزیۆنی ماڵی ئەو کچەوە دەرکەوم و ئەویش بە منداڵەکانی بڵێت: ئەو سەرۆکە چوار ساڵ حەزی لە من بوو).

سوارەی پیر ئەمەش یەکێکە لەو پێشبینیانەی کە رەنگە ئێستا وەزیر یان وەزیری خانەنشین بیت، واتە بە تەنها ئەگەری



دەرچوونی یانسیبت نییە، رەنگە هاوڕێ سەرۆك کۆمارەکەت، گەیشتبێتە حکومەت و چانسیی گەورە بوونت هەیە، بەڵام نەك وەك ئەو گەورە بوونەی ئەم وەزیرانەی سەردەمی من و حکومەتەکەی ئەو، ئەمانە گەورەبوون نییە، ئەمە کارەساتە، دوعات بۆ ئەکەم خوا تووشی ئەو گەورەبوون و ئەو بوون بە وەزیرەت نەکا.

## یادگاری شەوێکی تاڵ

ئەم شەو هەستێکی سەیر دایگرتم، نازانم بۆ راستەوخۆ گەڕامەوە بۆ نۆزدە ساڵ لەمەوپێش، دەشزانم پێشتر لە نامەیەکا بە دێڕێك باسی (پارکی ئازادی)م بۆ کردوویت، ئا ئەم شوێنە یادەوەریەکی زۆر ناخۆشی منە، ئەوێ شوێنی یەکەمین هەستکردنمە بە نەهامەتی، بیرت دێتەوە کە یەکەمجار بەهۆی کۆڕەوەوە هاتینە ئەم شارە؟ ئەو کاتە ئەم شوێنە خەستەخانەی عەسکەرەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بوو، ئێمە لەبەر بێ جێگە و بێ ڕێگەیەی هاتینە ناو پاشماوە داروخاوی ئەم نەخۆشخانەیە.

من بۆیە لەم پارکە بێتاقەتم، یەکەمجار کە فامم کرد، لەناو ئەو فەزایەدا بووم، کە پاشماوەی جەنگ بوو، هێشتا لە زەینما



ماوە کە لەسەر ئەرزەکە تەرمی عەسکەرەکان کەوتبوون، بیناکان ئاسەواری دوای شەڕیان پێوە دیاربوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزەکوردیەکان کە راپەڕینیان کرد، چەکی قورسیان نەبوو، بیناکان نەرووخابوون، ئەوەی کە هەبوو جێدەمی ئەو شۆفلانەبوو، کە دواتر نازانم بۆچی ویستیان هەندێ شوێن کاولکەن؟

سەرەتای منداڵیم لەوێوە دەستی پێکرد، ئەوکات لە بارێکی ناهەمواری سەختدا بووین، ژیان زۆر بە قوورسی تێدەپەڕی، بیرم نایەت لەو ساڵانەدا هیچ یاریەکی منداڵانەم هەبووبێت، بەڵام خۆشبەختانە زۆربەی کات بە ئاسەوارەکانی جەنگەوە خەریك دەبووین، یارییەکانم ببووە پاشماوەی زیلە سوتاوەکان و خودەی عەسکەرە کوژراوەکان و موغەزی و کەرەستەکانی خەستەخانە، زۆر جاریش خۆم لە تەپۆڵکە و گردەکانی بەردەم ماڵە ئاوارەییەکەمان خانۆچکە و رێگەوبانم دروست دەکرد، ئەوکات گیان و جلوبەرگەکانم پیس دەکرد و دەشترسام بە دەستی خوشکەکەم (کە دوای مردنی دایکم ئەو بووە فریادڕەسم) تێهەڵدان بخۆم.

بەڕاستی یادگاریەکی تاڵە، ئەمە سەرەتای ژیانمە، بۆیە باوەڕم وایە ترووسکایی بە ئەستەم ئەگاتە بەر دەلاقەکەم.

## یارییەکە کۆتایی دێت

ئەمە کۆتایی یارییەکەیە، ئا رێك یارییە، کێ هەیە ئەوەندە یاریەکی سەیر بکات؟ ئەفسوناوییە، لە خەیاڵی منداڵێك دەچێت، بیەوێت بە هەندێ سلەبۆیە تابلۆی بەهەشت بکێشێت، یاخود دەستکات بە گریان و داوی مانگ بکات بۆی دا بگرن، تا یاری پێبکات، ئای چەند تۆپێکی قەشەنگە!

ئەبینی پیری من

نامەنووسین بۆ خۆت، چەند لە داگرتنی مانگ دەچێت بۆ تۆپانێ، یان لە گرتنی وێنەیەکی فۆتۆگرافی بەهەشت، بەڵام من ئەم کارەم کرد، جا دڵنیام هەندێك بە شێتی و هەندێك بە زیرەکی دادەنێن، رەنگە بڵێن خڵەفاوە، یان بڵێن داهێنانی کردووە، هەقیقەتیش وایە هەندێ کات و لای هەندێ کەس ئەمە کارێکی بێ قیمەت و کاڵ و کرچە، لای هەندێکیش بەرز



و گەورەیە، بەڵام تۆ گرنگی تۆ، تۆ بڕیار دەدەیت، کە ئەم کتێبە چاپ بکەم، یان وەك دەستنووسەکانی دیکە، فڕێی بدەمە ناو دۆلابی ژێر مەکتەبەکەمەوە.

بە هەر حاڵ لە کۆتایدا زۆر شت ماوە، کە بۆتی باس بکەم، بەڵام هەندێکم بیر چووە و هەندێك ئەقڵم پەی پێ نەبردووە و هەندێك هێشتا روونەداوە و هەشە زانیاریم دەربارەی نییە، حەزم دەکرد باسی شیوەکاریت بۆ بکەم، بەڵام هیچی لێ نازانم، سەری لێ دەرناکەم، رەنگە سەردەمی تۆ زۆر ئاڵۆز تر بێت، ئێستا دەبینم چەند هێڵێك هەڵای گەورە دەنێتەوە، رەنگە تۆ دوێنێ ئێوارە چووبیتە پێشانگایەکی شێوەکاری کە تەنها پەڕەی سپی هەڵواسرا بێت، ئەرێ هیچی لێ حاڵی بوویت؟ بەدڵنیاییەوە هونەرمەندەکە مەبەستێکی هەیە لەو تابلۆ سپیانە، بەڵام زیرەکەکانمان تێی دەگەن.

سیمای سپیم، پێم خۆشبوو باسی مۆسیقا و شانۆ و سینەما و چی و چیتر و تا دوای بکەین، بەڵام وەك وتم با دەست بۆ شتێ نەبەم کە بیشکێنم، لەگەڵ ئەوەی رەنگە پێشتر زۆر شووشەم شکاندبێت، خولاسە ئەوەی دەمێنێتەوە مێژووە، هەموو شتەکان دەگۆڕێن بەڵام هەرچەندم کۆشا، هیچم لەگەڵ مێژووا بۆ نەکرا، چونکە گۆڕان دەرەقەتی رابردوو نایەت، مێژووش چاوەڕوانی کەس ناکات، تێدەپەڕێت، ئەم نامانەش بوون بە

شێك لە مێژووی من، تازە هیچیان لەگەڵ ناکرێت، کتێب مێژووی نووسەرەکەیەتی... .

**٢٠٠٧-٢٠٠٨-٢٠٠٩-٢٠١٠**



### ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێییەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵلا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵلا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و ناصح محمد | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازیەکانی رەشە گۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لەغەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیار | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |